کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم- ژمارە ۴۵۳ - مانگی خەرمانانی ۱۴۰۳- سێپتامبری ۲۰۲۴

## سەروتار

### لە یادی ۴۱ ساڵەی دامەزرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا


٤١ساڵ لەوەپێش لە ڕۆژی ١١ خەرمانانی ١٣٦٢ هەتاوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لە کۆنگرەیەکی دامەزرێنەردا پێکهات. لە ساڵرۆژی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا یاد و بیرەوەری فیداکاری ئەو هاورێ و هاوسەنگەرانە ڕێزلێدەگرین کە لە ریزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، چ لە زیندان و لە ژێر وەحشیانەترین ئەشکەنجەکان یان بە سێدارەوە و لەبەرانبەر دەستڕێژی گولەی جەنایەتکارانی کۆماری ئیسلامیدا و چ لە سەنگەرەکانی تێکۆشان و خۆڕاگری شۆڕشگێڕانە لە کوردستان و خەباتی چەکدارانە لە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا لە نەبەرد و تێکۆشانی ڕووبەڕوودا لەگەڵ دوژمن، گیان و ژیانی خۆیان لە ڕێگای رزگاری ئینسانی چەوساوە و زۆرلێکراوەدا فیدا کرد. سڵاو دەنێرین بۆ بنەماڵە خۆڕاگر و سەربەرزەکانیان. لەم ڕۆژەدا هەروەها سڵاو دەنێرین بۆ خۆڕاگری و پایەداریی کرێکاران و کۆمۆنیستە بەندکراوەکان و سەرجەم زیندانیانی سیاسی کە بۆ دیفاع لە ئامانجەکانیان بە دیل گیراون و ڕێز لە خەبات و تێکۆشانیان دەگرین. بەو هیوایەی خرۆشانی خەبات و نارەزایەتی کرێکاران و جەماوەری بێبەش و ستەمدیتووی کۆمەڵگا، ڕژیمی سەرمایەداری ئیسلامی لە ئێران تێکەوەپێچێ و هەموو ئازادیخوازانی بەندکراو، بە بزەی شادی بەسەر لێو ،بگەڕێنەوە ئامێزی ئازیزانیان ئەگەرچی ٤١ساڵ لەمەوبەر دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وەك هەنگاوێکی خێرا بۆ وڵامدانەوە بە بارودۆخی سیاسی ئەو سەردەمە لە لایەن کۆمەڵێك لە کۆمۆنیستە ماندوویی نەناسەکان لەدەستووری کار دانرا، بەڵام بەهیچ شێوەیەك حەرەکەتێکی بێ پێشینە نەبوو. پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، نەك هەر بە تەنها بە هۆی هەوڵەکانی ئیمەمەمانان، وەکوو بەشێك لە کمۆنیزمی ئەو سەردەم، بەڵکوو ڕیشەی لە هەوڵ و تێکۆشانی سەد ساڵەی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران بۆ یەکگرتن دابوو. هەزاران ئینسانی کۆمۆنیست، بە هەر تەسەورێك و تێگەیشتنێك کە لە سوسیالیزمی سەردەمی خۆیان بویان، لە پێناوی ئەو ئامانجەدا

درێژە لە لاپەڕەی ٢



**ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، سەبارەت بە مانگرتنی گشتی لە ساڵیادی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادی»دا**

لە لاپەڕەی ٧



**یادێک لە ٣ کۆمۆنیستی ماندویی نەناس، هاوڕێیان فوئاد مستەفا سوڵتانی، سەدیق کەمانگەر و غوڵام کشاوەرز**

لە لاپەڕەی ٣

**پیرۆزبایی بەبۆنەی سەرکەوتنێکی گەورە**
**پەیامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی بەڕێوەچوونی سەرکەوتوانەی مانگرتنی گشتی لە کوردستان**

لە لاپەڕەی ٧

**ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە گواستنەوەی ئۆردوگای کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان**

لە لاپەڕەی ٨

## درێژە ی سەروتار

گیانبازییان کردووە.. لەماوەی ئەو سەد ساڵەدا ئەو بزوتنەوەیە هەوراز و نشێوی زۆری بڕیوە، نسکۆ و سەرهەڵدانەوەی زۆری بە خۆیەوە بینیوە، چەندین دەرفەتی مێژوویی بۆ پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست بۆ هاتووەتەپێش. ئەگەر بە زمانی تورکی قسەیان کردبێ یا بە زمانی ئەرمەنی، کەس لە ئەنترناسیونالیست بوونیان تووشی گومان نەبۆە. هەر وەکوو یەکەم حیزبی کۆمۆنیست ئێران لە ورمێ و بەندەر ئەنزەلی مێژوو شاهیدی بوو. بەڵام هەرجارە و لەگەڵ ئەو کێشە و گرفتانەی کە لە ئاستی محەلی، ناوچەیی و جیهانی، لە گۆڕەپانی فکری و سیاسیدا، هاتوونەتە سەر ڕێی، دەرفەتەکان لەکیس چوون و هەوڵەکان بێ ئاکام ماونەوە

قۆناغی شۆڕشگێڕانەی ساڵەکانی ١٣٥٧ و١٣٥٨ هەتاوی کە سەرئەنجام بوو بەهۆی ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتی، یەکێك لەو دەرفەتانە بوو. لەم قوناغەدا چینی کرێکار لە ئاستی ملیۆنی و سەرتاسەریدا پێینابووە ناو گۆرەپانی خەباتی سیاسیەوە و لە گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسیدا لە ئێران دەوری گێڕابوو. تەنانەت شکڵ و شێوەی سەرەتایی ڕێکخستنی خۆی لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا ئەزموون کردبوو. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا نەیتوانیبوو مۆرکی خۆی لە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئەو دەورەیە بدات و لە حاڵێکدا کە کۆڵەبارێکی لە ئەزموونی دەوڵەمەندی پێبوو، کەوتە پەرایزەوە و داخوازییەکانی لە ژێر دەست و پێی چینە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە و تەوژمی کۆنە پەرەستی ئیسلامیدا پێشێل کرا. لەم دەورەیەدا لە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا هەوڵێکی ڕاستگۆیانە و سەمیمانە بۆ وڵامدانەوە بە پێویستی و دەرس وەگرتن لەو ئەزموونە دەستی پێکرد. کۆنگرەی ٢ی کۆمەڵە لە بەهاری ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی بڕیاریدا کە دیالۆگ بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی عەمەلی بە ئاراستەی پێك هێنانی حیزبی کۆمۆنیست دەست پێ بکات. لە درێژەی ئەو بڕیارەدابوو کە هەوڵ درا ئەو کۆمۆنیستانەی کە لە ڕێبازی کۆمەڵە نزیك بوون لە ناو هێزە چەپەکانی ئۆپۆزسیۆندا بدۆزێتەوە. بۆچوونەکانی ڕێکخراوی "ئیتحادی موبارزانی کۆمۆنیست"، سەرنجی ڕێبەرانی ئەوکاتی کۆمەڵەی ڕاکێشا و بە هاوکاری و هاوئاهەنگی لە گەڵ ئەو ڕێکخراوەیە، ئەو هەوڵانە بە سەرئەنجام گەیشتن و هاوڕێ لە گەڵ بە شگەلێك لە کادیرەکانی ڕێکخراوەکانی دیکەی چەپی ئێران وەکوو ڕێکخراوی پەیکار، ڕەزمەندەگان، چریکە فیدائییەکان باڵی "ئەرتەشی ڕزگاری بەخش"، وەحدەتی ئینقلابی، لە ڕۆژی ١١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە کۆنگرەیەکی دامەزرینەردا کە لە ناوچەی ئالانی سەردەشت و لە کوردستانی ئازاد و شۆڕشگێڕ بەڕێوە چوو، لە دایك بوو

بەم جۆرە ڕەوتی ئێمە سەهمی خۆی لە پێناوی دابینکردنی یەکگرتوویەکی دیاریکراو بۆ بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران ئەدا کرد. پێك هاتنی حیزبی کمونیستی ئێران هەنگاوێك بوو کە لە یەکێك لە هەستیارترین ساتەکانی ژیانی کۆمۆنیستەکانی ئێراندا هەڵگیرا. ئەم حیزبە لە بارودۆخێکدا پێکهات کە شۆڕشی گەلانی ئێران لەژێر زەبری حکومەتی دژی شۆڕشی ئیسلامیدا لە دوایین هەناسەکانیدا بوو. سەرکوتی خوێناویی، گرتنی بەربڵاو و ئێعدامی بەرین، بەشێك لە هێزە چەپەکانی ئێرانی بەکردەوە لێك هەڵوەشاندبوو. لە ئاوا بارودۆخێکدا پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە لایەن بەشێك لە هێزە چەپەکانی ئێرانەوە وڵامێکی مەسئوولانە بوو بەم بارودۆخە نالەبارە. لە حاڵێکدا کە حکوومەتی ئیسلامی لە هەموو شوێنێك لێکهەڵوەشانەوەی ڕێکخراوە سیاسییەکانی جاڕ دەدا، حیزبێکی سیاسی نوێ پێکهات. حیزبێك کە هیوادار بوو و ئێستاش هیوادارە بە یەکگرتوویی خۆی، لە کۆتایی هێنان بە تەفرەقە و پرشوبڵاوی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران و کۆتایی هێنان بە جیایی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە بزووتنەوەی کرێکاری، دەورێکی کاریگەر ببینێت. ئێستا ئێمە هەر هەڵسەنگاندن و تێبینێکمان سەبارەت بە پڕۆسەی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەبێ، ئەو حیزبە ئێستا بووەتە واقعییەتێکی سیاسی ئەمڕۆی کۆمەڵگای ئێران. ئەو حیزبە پشت ئەستوورە بە ڕێکخراوێکی کوردستانی، واتە کۆمەڵە، کە خاوەنی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و کرێکارییە. بەو ئیعتبارە ڕێکخراوێکی گرنگی سەر گۆڕەپانی خەباتی سیاسی لە کوردستان و ئێرانە

ئەمڕۆ لە بارودۆخێك دا یادی ٤١ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەکەینەوە کە بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی زیاتر لە هەمیشە پێویستی بە یەکگرتوویی و یەکڕیزی هەیە و پێویستە خۆی بۆ گۆڕانکارییە گرینگەکان لە ئێران و لە ناوچەکە کە چاوەڕوان دەکرێت لەڕێدا بێت ئامادە بکات. لە دەورەی شۆڕشگێڕانەی داهاتوودا نابێ ڕێگا بدەین ئەزموونی تاڵی سەردەمی ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە ئێران دووپات بێتەوە، هەر ڕادەیەك لە کەمتەرخەمی بەرامبەر بە وەحدەتی چینی کرێکار و بێبەشانی کۆمەڵگا، هەر ڕادەیەک کایەکردن بە وەحدەت لە ناو ئەو بزوتنەوەیەدا بە واتای ئەوەیە کە هیچ دەرسێك لە مێژوو وەرنەگیراوە. ئێمە ئەو ڕاستییە دەزانین کە وەحدەت و یەکگرتوویی لە بۆشایی دا پێك نایەت. وەحدەت لە دڵی خەبات و تێکۆشان لە ناو جەرگەی بزووتنەوە کۆ مە ڵا یە تیيە کا ندا زەمینەی پێکهاتن و پتەوبوونی بۆ دەڕەخسێت. هەر هێزێك بە هەر ڕادەیەك دەور و نەقشی واقیعی و عەمەلی لە ناو ئەو حەرەکەتانە دا هەبێ، هەر بەو ڕادەیەش دەرکی ئەو زەروورەتە دەکات و خەمی لێ دەخۆات و بەهەر ڕادەیەکیش لێی دوور بێت و پێی نامەربووت بێت، هەر بەو ڕادەیە نامەسئوولانە کایەی پێدەکات. لێردایە سەرنجمان بۆ نەقشی کۆمەڵە کە پێگەی کۆمەڵایەتی و کرێکاری حیزبی کۆمۆنیستی ئیران پێك دێنێت و لە سیمای کۆمەڵەدا پێوندی چینایەتی و کۆمەڵایەتی حیزبی کۆمۆنیست لە گەڵ کۆمەڵگا خۆی نیشان دەدات، ڕادەکێشرێت. لایەنگر و تێکۆشەری ڕاستەقینەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەوانن کە هەوڵدەدەن ئەو دەسکەوتەکانی ڕێکخراوە بپارێزن و بەردەوام بەهێزتری بکەن حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە ستراتیژییەکی ڕوون کە هەیەتی، بەئاراستەی ئەو ئەرکە گرینگانەی لەم قۆناغەدا خستوویەتە سەرشانی خۆی، هەوڵ دەدات لێبڕاوانە، هەموو زەرفییەتەکانی بۆ وشیارکردنەوە و ڕێکخستنی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگا وەگەڕ بخات. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەسەر بنەمای پێشینەی ئەم چوار دەیەی دوایی و پێبەند بوونی بە دیفاع و داکۆکی کردن لە قازانج و بەرژەوەندی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و ستەملێکراو بەپێی ئەو پێوەندییە قووڵ و پتەوەی کە لەگەڵ کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و چەوساوەی کوردستاندا هەیەتی، بە هۆی گەشبینی و واقع بینی لە خەباتی سیاسیدا، لەسەر بنەمای ئیعتیبارێك کە لە نێوان هێزەکانی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی ئێراندا لێی بەهرەمەندە، دەتوانێ لە بارودۆخی لەباردا کە دێتە

درێژە لە لاپەڕەی ٣


بەرز و بەڕێز بێت یازدەی خەرمانان، ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

درێژە ی لاپەڕەی ٢

ئاراوە، ببێت بە هەوێن بۆ یەکگرتوو کردنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە هەموو ئێران. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لێبڕاوانە هەوڵ ئەدات تا لە هەموو کات و ساتەکانی خەباتی ئازادیخوازانە و چینایەتی ئێستای ئێراندا دەوری شایستەی خۆی بگێڕێ و ئەرکەکانی بەجێ بگەیەنێ. هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز، هەموو نەتەوەیەکی زۆرلێکراو، هەموو ژنێکی خولیای یەکسانی، هەموو لاوێکی مافخواز، هەموو هونەرمەندێکی خاوەن هەڵوێست، دەتوانێ پێگەی ئینسانی خۆی لە ستراتێژ و بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا ببینێتەوە. هەمووی ئەوانە لە ئەزموونی کۆمەڵەدا لە کوردستان بە کردەوە دەرهاتووە

بەم جۆریە و لەو گۆشە نیگایەوە بۆ حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە کە دەتوانیین بڵێین لەمەو بەدواش بە دیفاعی لێبڕاوانە و بێ ڕاڕایی لە قازانج و بەرژەوەندی چینی کرێکار و جەماوەری خەڵکی زۆرلێکراو و بێبەشی کۆمەڵگا و بە خەباتێکی لێوانلێو لە فیداکاری و لەخۆبردوویی، لە ڕێگای هێنانەدی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستیدا هەنگاو دەنێین. کۆمەڵە بە هێزتر دەکەین بۆ ئەوەی بتوانێت خاوەنی پێگەیەکی بەهێز بێت بۆ گەشەکردنی حیزبی کۆمۆنیست لە هەموو ئێران. بەهێزکردنی کۆمەڵە بەهێزبوونی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و بەهێزبوونی حیزبی کۆمۆنیستیش بەهێزکردنی کۆمەڵەیە لەمڕۆدا کە ناوچەکە بە گشتی و ئێران بە تایبەت لە بەردەم ئاڵوگۆڕی گەورەدایە، کێشەی کورد لە کێشەی یەک وەڵات دەرچووە و بووە بە پرسێکی گرنگی ناوچەیی و جیهانی، دیاریکردنی مافی چارەنووس هەتا پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، مافی خەڵکی کورد لە هەرکام لە پارچەکانییەتی و حیزبی کۆمۆنیست پشتیوانی لێدەکات، لە کاتێکدا سیاست و ستراتێژە لیبرال و بورژواییەکان لە کردەوەدا بە بونبەست گەیشتووەن، ڕێبازی کۆمۆنیستی دەتوانێت و پێویستە وەک بەدیل و ئاڵترناتیڤی هەلومەرجی ئێستا، بە سیاست، بە ڕێباز و بە ڕێکخراو، پا بنێتە پێشەوە و بە سازماندان و ڕێکخستنی کرێکاران و هەژارانی کۆمەڵگا لە ڕیزی سەربەخۆی خۆیاندا، ئەم هەلومەرجە دژی ئینسانی و پڕ لە جەنایەت و سەرکوتە بەرەو ئاراستەیەکی ئینسانی و سۆسیالیستی بەرێت. ئەمڕۆ مرۆڤایەتی لە دوڕێیانی تەوەحوشی سەرمایەداری و ئالترناتیڤی سۆسیالیستیدایە. شەر، کوشتار، سەرهەڵدانی داعش و بنیادگرایی ئاینی و تروریسم، فاشیزم و ڕەگەزپەرەستی ، دەسەڵاتداری کەمایەتییەکی بچووک و چاوچنۆک، چارەنووسی بەشەری ئەمڕۆ نییە . لە هەمانحاڵدا خۆگرێدان بە سیاست و قازانجی زلهێزەکان و هێزە ناوچەییەکان و شەڕی نیابەتی نێوان ئەوان تا ئێستا و لە سەدساڵی ڕابردوودا بۆ خەڵکی ناوچەکە و بە تایبەت خەڵکی کورد بێجگە لە ماڵوێرانی و شکست و دەربەدەری، هیچی دیکەی بە شوێنەوە نەبووە بۆ ئێمە چ وەک حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و چ وەک کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی ئەم حیزبە ، تەشکیلات ئامرازی خەبات و خۆڕێکخستنە بۆ گەیشتن بە ئامانج و کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی. لە دڵی ئەم ناوچە پڕ لە گێرەوکێشەدا، ڕاگرتنی حیزبێکی کۆمۆنیستی بە بەرنامە و ستراتێژی سۆسیالیستی، بەهێزکردنی بناغەی حیزب لە دڵی کۆمەڵگا و لە شوێنی کار و ژیانی کرێکاران، هەوڵدان بۆ کاری هاوبەش لەگەڵ هێزە کۆمۆنیست، سۆسیالیست و شۆڕشگێڕەکان لە ئاستی ئێران و ناوچەکە و ئەنجامدانی ئەرک و ڕەساڵەتی ئە نتر نا سیو نا لیستی ، هاوکات لەگەڵ پاراستی نەزم و ئینزیبات و وەحدتی ناوخۆی تەشکیلات، لە ئەولەوییەتەکانی ئێستا و داهاتوومانە و دەبێ ئەم ڕێکخراوە بۆ خەباتی ئێستا و داهاتوومان بەهێز بکەین و وەک گلێنەی چاو بیپارێزین

**بەرز و بەڕێز بێت یازدەی خەرمانان، ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. بژی سۆسیالیسم**

****

## یادێک لە ٣ کۆمۆنیستی ماندویی نەناس، هاوڕێیان فوئاد مستەفا سوڵتانی، سەدیق کەمانگەر و غوڵام کشاوەرز


نیوەی یەکەمی مانگی خەرمانان ڕێکەوتەکانی ٤ و ٩ و ١٣ی ئەو مانگە، هاوکاتە لەگەڵ ئەو ڕۆژانەی کە تێیاندا ڕەوتی ئێمە سێ کەسایەتی هەڵکەوتوو و سێ ڕابەری ماندویی نەناسی خۆی لەدەست داوە. هاوڕێیان فوئاد مستەفا سوڵتانی، سەدیق کەمانگەر و غوڵام کەشاوەرز، سێ ئەستێرەی ڕێنیشاندەری خەباتی چەوساوەکان و ستەم لێکراوانی ئەو وڵاتە بوون.

ڕۆژی هەینی ٩ی خەرمانانی ساڵی ١٤٠٣، ساڵڕۆژی گیانبەختکردنی هاوڕێ فوئاد مستەفا سۆڵتانی یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە، یەکێک لە زیندانیانی سیاسی خۆڕاگری ناو سیاچاڵەکانی سەرەڕۆیی پاشایەتی، یەکێک لە ڕێکخەرانی ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧ لە کوردستان، سیمای ناسراوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران، یەکێک لە ڕێبەرە کەم وێنەکانی ڕێکخەری بزووتنەوەی خەباتکارانەی جەماوەریی و نەبەردی چەکداری لەدژی فاشیزمی ئیسلامی لە کوردستان و یەکێک لەو دەگمەن ڕێبەرانە بوو کە دوای ٤٥ ساڵ، هێشتا باوەڕکردن بە مرگی، قورس و ئەستەمە. فوئاد، کۆمۆنیستێکی بێزار لە ستەم، سەرچەشنی بەرخۆدان و یاخیبوون، یار و یاوەری زەحمەتکێشان و دوژمنی ستەمکاران، یاد و ناوی پاش ٤٥ ساڵ، هێشتاش هەر زیندووە و لەگوێی خەڵکدا دەزرنگێتەوە و بێ گومان بۆ چەند نەوەی داهاتووش، هەرمان دەبێت. ئەو ڕووناکی هیوایەک بوو کە خۆرئاسا لە شەوەزەنگی سەرزەمینێکدا درەوشایەوە کە بەردەوام مەیدانی ڕمبازێنی ستەمگەران و سەنگەری خرۆشانی ستەمدیتووان بووە و بەڵێنی ڕزگاری گشتی دابوو. کاک فوئاد کە خاوەنی پیشە و پێگە و ڕادەیەک لە ئاسوودەیی بوو و دەیتوانی پۆست و پلەی سەرۆکایەتی و وەزارەت بەدەست بێنێت و میراتگری ڕەنج و زەحمەتی خۆی و بنەماڵەکەی بێت، پشتی لە هەموو ئەوانە کرد و بوو بە یار و هاودەمی قەڵەم و تفەنگ و چین و توێژی ئازارچێشتوو، ساکار ژیان و لەپێناو گۆڕانکاریدا خەبات و فیداکاری کردن، شۆڕشگێڕانە بیرکردنەوە و شۆڕشگێڕ مانەوە، ڕەمزی خۆشەویست بوونی کاک فوئاد بوو لە نێو هاوڕێیان و چین و توێژە ستەمدیتووەکاندا. کاک فوئاد لە ماوەی تەمەنی کورت، بەڵام پڕ بەرهەمی خۆیدا، ڕۆڵ و جێگە و پێگەیەکی هێندە بەرزی بەدەستهێنا کە هەرگیز ناتوانرێت لە چوارچێوەی بەرتەسکی تەشکیلاتی دا هەڵسەنگاندن و پێوانە بکرێت. هەڵبەت ئەمە تەنیا سیفەت و تایبەتمەندی ڕێبەرێکی وەک فوئاد نییە، بەڵکوو سەرجەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ڕەسەن و ڕاستەقینەکان، ڕێبەرانێکی هاوشێوەیان لە ڕیزەکانی خۆیاندا پەروەردە کردووە و کردوویانن بە پێشەنگی بزووتنەوەکەیان و بزووتنەوەکە لەلایەن ئەوانەوە ڕێبەریی دەکرێ و هاوکات خۆشیان تیایدا خاراوتر دەبن. ئەگەر لە قۆناغێکدا کەسانی وەک کاک فوئاد، پێکهێنانی تەشکیلاتیان بۆ دەبێتە ئامانج، لە قۆناغێکی تر و لە هەلومەرج و زەمەنێکی تردا، لە ڕیزی ئەو جۆرە کەسانەدا، کەسانێک سەرهەڵدەدەن کە خۆیان دەبنە مێحوەر و ئاوێنەی باڵانوێنی ڕێکخراوەکە، کاک فوئاد لە زومرەی ئەو دەگمەن ڕێبەرانە بوو. ئەمڕۆ ناو و یادی کاک فوئاد، تەنها ناو و یادی کەسێکی خاوەن پەیوەندییەکی دیاریکراوی ڕێکخراوەیی و فیکریی نییە، بەڵکوو ناوێکە بە پانتایی بزاڤێک، بزووتنەوەیەک و هێڵێکی دیاریکراوی فیکری و سیاسی لە ناخی چین و ڕەوتێکی بەرینی کۆمەڵایەتیدا. بەردی بناغەی بەکۆمەڵایەتیکردنی کۆمۆنیزم لە کوردستان قەرزاری فوئادە و ئەو بناغەدانەری بوو. هەربۆیە لە هەر هەنگاو و بەرەوپێشچوونێکی ئەم بزووتنەوەیەدا، کاک فوئاد هێشتا هەر پێشەنگ و سەرقافڵەیەتی. کاک فوئاد کەسێک نەبوو کە تەنیا سەرقاڵی شرۆڤە و هەڵسەنگاندنی ڕووداو و دیاردەکان بێت، هەروەها کەسێکی ئیرادەگەرا یان چاودێرێکی جیهانی دەوروبەری نەبوو، بەڵکوو ئەو خەباتکارێک بوو کە لە بنەڕەتدا لەپێناو گۆڕانکاریدا خەباتی دەکرد. ئەم تایبەتمەندییە ئەوی هەرچی زیاتر لە مارکسیزم نزیک کردەوە و هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ تێگەیشتن لە دیاردەکان و جیهانی دەوروبەری و هەروەها فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ بەدەستهێنانی ئوتۆریتە و متمانەی هاوڕێیانی و جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێش. لە بۆچوون و پراکتیکی کاک فوئاد دا، مرۆڤ لە بەستێنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، نەک هەر بوونەوەرێکی بێدەسەڵات و پاسیڤ نییە، بەڵکوو پێکهاتەیەکی چالاک و دینامیکییە کە توانایی گۆڕینی جیهانی دەوروبەری و کۆتایی هێنان بە دابڕانی خۆی لەو ئامرازە دەستکردەی خۆی هەیە کە بەپێی هەلومەرجەکان، بەرهەمهێنان بەسەریدا زاڵ دەکات و هەروەها پێکهاتەی سەرەکیش لە کۆتاییهێنان بەم دابڕان و نامۆبوونەی مرۆڤ لە خۆی، خودی مرۆڤ بوو. بۆ ئەو، مرۆڤ چەقی گۆڕانکارییە و لە هەمان کاتدا گۆڕانکاری مرۆڤیش دروست دەکات. هەر لەم گۆشەنیگایەوە بوو کە بەشداری فوئاد لە پرسە

درێژە لە لاپەڕەی ٤

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم- ژمارە٤٥٣- مانگی خەرمانانی ١٤٠٣- سێپتامبری ٢٠٢٤







درێژە ی لاپەڕەی ۳

ورد و درشتەکانی کۆمەڵگا، لە سیاسەت و ئابووری و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە بگرە تا بابەتی فەرهەنگی و پەروەردەیی، لەپێناو گۆڕینی نەخوازراوەکان بۆ خوازراو و لە یەک کەلامدا لە خزمەت بە مرۆڤدا بوو. ئەو دەستپێشخەری داهێنانێکی نوێ بوو بۆ بەدیهێنانی جیهانێکی نوێ، کە تیایدا مرۆڤ سەنتەری بوو. فوئاد بە دروستی لەو ڕستە داهێنەرانەی مارکس تێگەیشتبوو کە " کرێکاران بەشێوەی تاک دەچەوسێنەوە، بەڵام بەکۆمەڵ ڕزگار دەبن"، کە جگە لە یەکگرتوویی، پێکهێنانی تەشکیلات و خەباتێکی ڕێکخراو و وشیارانە بۆ گۆڕانکاری و ڕزگاریی، هیچ واتایەکی تری نەبووە و نییە. ئەو بە حەق لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە بەبێ تیۆری شۆڕشگێڕانە، کردەی شۆڕشگێڕانە مومکین نییە و کردەی شۆڕشگێڕانەش بۆ سازماندان و ڕێکخستنی جەماوەریی کرێکاران و کۆیلەکانی سەرمایە و هەروەها گەیشتن بە سۆسیالیزم، پێویستی بە حیزبێکی شۆڕشگێڕ هەیە ئەو ساڵی ١٣٤٨ی هەتاویی، هەوڵی بنیادنانی ڕێکخراوەیەکی دا کە لە بەرواری ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٥٧دا و هاوکات لەگەڵ ڕۆژی گیانبەختکردنی کاک حەمە حوسەینی کەریمی یەکێک لە هاوسەنگەرە شێلگیر و لەخۆ بوردووەکانی هاوڕێ فوئاد، بە ناوی "ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران-کۆمەڵە" ناسێندرا. تا ئەو کاتەی لە ژیاندا بوو، پاراستی، بەهێزی کرد، بەرەوپێشی برد و کردی بە ئامرازێک بۆ خەباتی شۆڕشگێڕانی لێهاتوو، کرێکارانی وشیار، ژنانی یاخیبوو لە ستەم و ستەملێکراوانی نیزامی چینایەتی، بە مەبەستی ڕزگاربوون لە چنگ ستەم و مەینەتییەکانی نیزامی هەبوو. کاک فوئاد بە هزر و تێگەیشتوویەکی وشیارانەی چینایەتی و لەژێر ڕووناکی مارکسیزمدا، ڕێگایەکی دروستی گرتەبەر و سنوورەکانی خۆی لەگەڵ ڕوانگە و هەڵوێستی چەواشەکارانەی ناو بزووتنەوەی چەپ لەوانە خیانەت و سیاسەتی خۆبەدەستەوەدەرانەی حیزبی توودە و نۆکەریی وابەستەیی ئەم ڕەوتە، دیاریکرد و سیاسەتی خەباتی چریکی جیا لە کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێشی، ڕەتکردەوە و نیشانی دا کە "بزوێنەری بچووک، توانایی بزواندنی بزوێنەری گەورەی نییە"، بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە دەیڕوانییە بزووتنەوە چەکدارییەکانی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی کوردستان کە لەلایەن "کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران"ەوە دامەزرابوون و لەو بزووتنەوانە تێپەڕی. هێشتا زیاتر لە چوار ساڵ لە پێکهاتنی کۆمەڵە تێپەڕ نەببوو کە دەستبەسەر و ڕەوانەی زیندان و ئەشکەنجەگای ترسناکی ساواکی شا کرا. زیندان بۆ ئەو گۆڕەپانێکی نوێی خەبات، هەندێک جار بەشێوەی تاک و هەندێک جاریش بەکۆمەڵ بوو، لەدژی دوژمن. لە زیندان‌دا خارا. لە نێو هاوڕێیانی دا ڕێزی لێ دەگیرا و ئەشکەنجەگەران بە هەندیان وەردەگرت و سڵیان لێ دەکرد. گەلێک ژووری تاکەکەسی و بەکۆمەڵی ئەزموون کردووە و ئەزیەت و ئازارێکی زۆری جەستەیی و دەروونی تەحەمول کرد، بەڵام لە ئاست دوژمندا بەچۆکدا نەهات و سەرەنجام مانگرتن لە خواردنی ١٤ ڕۆژەی زیندانیانی سیاسیی زیندانی سنەی، ڕێبەریی کرد و بە سەرکەوتنی گەیاند. ڕێکخستن و بەسەرکەوتن گەیاندنی ئەو حەرەکەتە، توانایی حاشاهەڵنەگری ئەوی لە بواری ڕێبەریی کردنی بزووتنەوەیەکی بەکۆمەڵی، بە دۆست و دوژمن نیشان دا و وشیاری و بیری داهێنەرانەی ئەو، ڕێبەرایەتی بزووتنەوە بەرینە جەماوەرییەکانی پاش ڕاپەڕینی ساڵی ٥٧ی، بۆ یەکەمجار لە مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا، بەناوی ئەو و ڕێکخراوێکی کە ئەو ڕێبەری بوو، تۆمار کرد لە ڕاپەڕینی ٥٧ و پرۆسەی ڕێکخستنی ئەو ڕاپەڕینەدا، بەتایبەتی لە ناوچەکانی باشووری کوردستان، وێڕای هاوڕێکانی، دەوری چالاک و سازماندەرانەی بینی. بەڵام ڕاپەڕینێکی کە سەرجەم چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی لەپێناو دەستەبەرکردنی بە ر ژ ە و ە ند یيە کا نیا نـد ا خرۆشاندبوو، بە دوورکەوتنەوە لە ٢٢ی ڕێبەندان، ڕۆژی سەرکەوتنەکەی، ناکۆکی و ململانێی نێوان بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکان، ڕۆژ بەڕۆژ ڕیزی پتەو و لێک هەڵپێکراوی خەباتکاران و بەشداربووانی ئەو ڕاپەڕینەی، زیاتر لەیەک جیا دەکردەوە. ڕەوتی دژە شۆڕشی ئیسلامی خۆی بۆ وەرگرتنەوەی هەرچی زووتری دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین ئامادە دەکرد و دەیویست ئەوەی کە ڕژێمی شا نەیتوانیبوو بە سەرەنجامی بگەیەنێت، واتە سەرکوتی جەماوەری ڕاپەڕیو و گەڕاندنەوەی ئێران بۆ دورگەی ئارامی سەرمایە، بەسەر کۆمەڵگەی ئێراندا زاڵ بکات. کاک فوئاد و هاوڕێکانی، بە تێگەیشتن لەو ڕاستییە و بەبێ هیچ خۆشباوەڕییەک بە ڕژیمی ئیسلامی، خۆیان بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ هەلومەرجی نوێ ئامادە کرد.

کاک فوئاد بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ دام و دەزگای ڕێکخراوی حکوومەتی، هیچ ئامرازێکی جگە لە ڕێکخستنی جەماوەریی لەبەردەستدا نەبوو. ئەو بە دروستی لەوە تێگەیشتبوو کە بۆ ئەم بابەتە گرنگ و هەستیارە، تەنیا ڕێکخستنی حیزبی، بەس نییە، بەڵکوو ڕێکخستنی جەماوەری لەئاستێکی ملیۆنیش دا، پێویستە. بە هەوڵ و هیمەتی داهێنەرانەی کاک فوئاد و فیداکاری و لەخۆبوردوویی هاوڕێکانی، کۆمەڵێک ناوەند و دامەزراوەی شۆڕشگێڕانە لەوانە "جەمعییەتە دێموکراتیکەکان" و" یەکێتییەکانی جووتیاران" لە هەموو شارەکانی کوردستان پێکهاتن. هەروەها لە زۆرێک لە ناوچەکان، ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی کرێکاران و ژنانیش دروست بوون. ئەو ستەمکارانەی کە شیر و تیریان لەدژی ستەملێکراوان دەسوو، خۆیان چەکدار دەکرد و ئۆرگانە دژە خەڵکییەکانی وەک "شۆڕای عەشیرەتی"یان پێک دەهێنا و بەردەوام لە دژی گیان و ژیانی زەحمەتکێشان خەریکی پیلانگێڕی بوون، لە بەرامبەریاندا دەستبەجێ دەستیکرد بە ڕێکخستن و چەکدار کردنی زەحمەتکێشان و کۆمەڵەشی بەرلەوان چەکدار کرد و بەشێوەی چەکدارانە، بەرگری لە دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینی خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان کرد

لە یەکەم بەهاری ئازادی دا و دوای ڕووخانی حکوومەتی شا، کە بە بەهاری خوێناوی شاری سنە ناسرا و کۆنەپەرستانی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی ئیسلامی، خەڵکی خۆڕاگر و خەباتکاری ئەو شارەیان خەڵتانی خوێن کرد، کاک فوئاد و هاوڕێکانی، ڕۆڵێکی سەرەکییان لە ڕێکخستنی بەرخۆدان و خۆڕاگریی خەڵک و ڕێبەرایەتیکردنی نەبەرد لەدژی کۆماری ئیسلامیان، لەم شارە لە ئەستۆ گرت. ئەوە یەکەم بەرەوڕووبوونەوەی ڕێژیمی ئیسلامی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو. لە کاتی دانوستان و گفتوگۆ لەگەڵ شاندی فەرمی کۆماری ئیسلامی، سەرجەم کەسایەتییە کاریگەرەکان جگە لە شەخسی خومەینی، تێدا بەشدار بوون و شۆڕای شاری سنە و نوێنەری بەشێک لە حیزب و لایەنەکان، لایەنی دانوستانەکانکار لەگەڵ ئەو شاندە بوون، هاوڕێ سەدیق کەمانگەر، وەک پڕوپاگاندیست و ڕێکخەرێکی دیار و بەتوانا، بوو بە زمانی ئاگرینی شۆڕش و شۆڕای شاری سنە. گاڵتەجاڕی یەکەم "هەڵبژاردن"ی کۆماری ئیسلامی کە بە دەنگدانی کۆماری ئیسلامی "بەڵێ یان نەخێر" لە ١٢ی خاکەلێوەی ساڵی ٥٨دا، موهەندیسی کرا دواتر لەو سندووقە جادووییەدا، ئەژدیهای حەوت سەری حکوومەتی تیرۆر و ئەشکەنجەیان، وەک حکوومەتی "بندەستان" ڕاگەیاند و بەسەر خەڵکی ئێرانیان دا سەپاند، کاک فوئاد و هاوڕێکانی، بەبێ هیچ ڕاڕایی و خۆشباوەڕییەک لە بەرامبەر ئەو فریوکارییە ئیسلامییەدا هەلوێستیان گرت، لەقاویاندا و خەڵکی کوردستان، بە تێکرا و یەکدەنگ ئەو شانۆ گاڵتەجاڕانەیان بایکۆت و ڕیسوا کرد. حەرەکەتێکی کە بوو بە بەردی بناغەی یەکڕیزی و خەباتی بەکۆمەڵ و هەتا ئێستاش وەک یەکێک لە لاپەڕە زێڕینەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان یاد دەکرێتەوە. لە ڕەوتی دانوستانەکانی سنە و مەهاباد لەگەڵ شاندی دانوستانکاری ڕێژیم، ڕۆڵی کاک فوئاد هێندە بەرچاو و کاریگەر بوو کە دۆست و دوژمن پشتڕاستی دەکەنەوە و دژبەر و نەیارەکانی، چ ئەوکات و چ ئێستاش، دان بە زانایی و لێهاتوویی و

درێژە لە لاپەڕەی ۵

درێژە ی لاپەڕەی ٤

کاریزمای ڕێبەریی فوئاد دا دەنێن. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیش لەم وتووێژانەدا و لە کاتی ڕێبەریکردنی کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان و وتووێژە ڕووبەڕووەکاندا، ئەویان زیاتر ناسی و لێی دەترسان. کاک فوئاد کە هیچ گومانێکی لە مەبەستی دژە ئینسانی ڕێبەر و بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە سەرکوتی خوێناوی دەسکەوتەکانی ڕاپەڕینی ٥٧ نەبوو، لە هەوڵی ڕێکخستنی نەبەردێکی جەماوەری و لەوانە خۆڕاگریی چەکداری و هاوکات و پشت بەستوو بە هێزی جەماوەریدا بوو. بەردی بناغەی ئەم هێزەی، لە ڕێکخستنی هێزی چەکداری پێشمەرگەی کۆمەڵەدا بەدی کرد و دەستبەجێ هەنگاوی کردەیی بۆ پێکهێنانی ئەو هێزە هەڵگرت و یەکەم فێرگەی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەی، لە گوندی گۆرەمەری سەر بە ناوچەی سەردەشت، دامەزراند. تەسلیمی ڕوانگەی خۆشباوەڕانە و هەڵوێستی خۆبەدەستەوەدەرانە نەبوو و لەسەر پێویستی خۆڕاگریی چەکدارانە و بەرگری لە دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین، لەبەرامبەر دژە شۆڕشی ئیسلامیدا پێداگری کرد. مێژوو لە ٤٥ ساڵی ڕابردوودا بەرحەق بوون و ڕەوایەتی ئەویان بە دروستی سەلماند. کاک فوئاد لە کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریواندا، شارێکی دژ بە ملهوڕی و سەرەڕۆیی پاسدارانی ئیسلامی خرۆشاند و خەڵکی بە ئاراستەی چوونەدەرەوە لە شار، ڕێبەریی و ڕێنمایی کرد. لە کاتی دانوستان و گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەتی ئیسلامی، وێڕای دیفاعی لێبڕاوانە لە ویست و داخوازییەکانی خەڵکی ناڕازی، ڕاپۆرتی کاری ڕۆژانەی کۆمیتەکەی بە ئاگادار خەڵک دەگەیاند و بەم کارەش، وێڕای بەهێزکردنی ورەی یەکگرتوویی و هاوکاری، جەماوەری خەڵکی هاندەدا، ڕایدەهێنان و پەروەردەی دەکردن بۆ ئەوەی بەشداری لە خوارەوە لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ناویاندا بکات بە نەریت. ڕا و بۆچوونی ئەوانی وەردەگرت و دواجار بۆچوونە پێشڕەو و شۆڕشگێڕانەکانی هەڵدەبژارد و بە پراتیکی دەردەهێنا. بەم شێوازە داهێنەرانە نوێیە، جەماوەری ستەمدیتوو و خەباتکاری بۆ نەبەردێکی کۆمەڵایەتی گەورەتر ئامادە دەکرد. وەک ڕێبەرێکی تیژبین کە ئاستی توانایی و پۆتانسێل و ڕادەی ئامادەیی جەماوەری، بۆ درێژەدان بە خەبات و گەیشتن بە سەرکەوتنی لەدەستدا بوو، کاتێک لە سەرهەڵدانی ورەی ماندوێتی لە ڕیزی جەماوەری کۆچکردووی شاری مەریوان سەبارەت بە بەردەوامبوون لەسەر خەبات لە فۆرمی کۆچکردن تێگەیشت، بەبێ ئیرادەگەرایی، بیری لە چۆنیەتی بەسەرکەوتن گەیاندنی ئەو خەباتە کردەوە و بە هەڵسەنگاندن و کۆبەندییەک لە دەستکەوتەکان و حەرەکەتێکی کە ڕەهەند و کاریگەریەکانی تەنیا لە خەڵکی شاری مەریوان و تەنانەت کوردستانیشدا بەرتەسک نەمایەوە، بەڵکوو بزووتنەوەی چینایەتی سەراسەری، بۆ نەبەرد لەدژی دیکتاتۆری تازە بەدەسەڵات گەیشتوو، ڕاهێنا و بەهێزی کرد و خەڵکی بە شێوەیەکی شکۆمەند و سەربەرزانە بەرەو ماڵ و شوێنی کار و ژیانی خۆیان ڕێنمایی کرد. کاک فوئاد تەنها فێرکار نەبوو، بەڵکوو خۆشی بەردەوام بەدوای فێربوونەوە بوو. ئەو مامۆستای گۆڕینی نائومێدی بە هیوا و سەرکەوتن بوو

لە کاتی فەرمانی جیهادی خومەینی لە ٢٦ی گەلاوێژی ٥٨ و دەستپێکی هێرش بۆسەر کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژدا، کە لایەن لیبراڵە ورد و درشتەکانەوە پاڵپشتی لێکرا، فوئاد وەک یەکێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی کۆمەڵە، فەرمانی خۆڕاگرییەکی جەماوەری بە هەموو ئیمکاناتێکی کە لەبەردەستدا بوو ڕاگەیاند و لە بەیاننامەیەکدا لەژێر ناوی "خەڵکی کورد لە کوانووی تاقیکردنەوەدا"، ڕێبەرایەتی خۆڕاگرییەکی بەدەستەوە گرت کە دوای سێ مانگ بەرخۆدان و شکستهێنانی جەللادی جەماران، بە خواردنەوەی یەکەم "جامی ژەهر" لە خۆڕاگریی و کۆڵنەدانی خەڵکی خەباتکاری کوردستان، لە ٢٦ی ڕەزبەری ٥٨ و ڕاگەیاندنی تەسلیمبوون و دانوستان، بە ئاکام گەیشت. بەڵام بەداخەوە ئێتر کاک فوئاد کە بە "چێگوارا"ی کوردستان و ئێران ناسرابوو، لە ژیاندا نەمابوو تا لەو قۆناغە هەستیارەدا پرۆسەی "دانوستان"ی بزووتنەوەی خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان ڕێبەریی بکات و بەرەوپێشی ببات. بە شاهیدی مێژوو، دەتوانین بڵێین کە لە ماوەی کورتی تەمەنی کاک فوئاد، لە کاتی ئازادبوونی لە زیندانەوە تا ڕۆژی گیانبەختکردنی، هیچ ڕووداوێکی گرنگی سیاسی، کۆمەڵایەتی و خەباتکارانە لە کوردستاندا نییە کە مۆرک و کاریگەری ڕێبەریی داهێنەرانەی فوئادی پێوە نەبووبێت. کاک فوئاد لە هەلومەرجێکدا کۆمەڵە، بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی ئێران و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانی بە تەنیا هێشتەوە کە پتر لە هەر کاتێک، هەست بە پێویستی بوونی ئەو و لێهاتوویی و توانایی داهێنەرانەی ئەو دەکرا. بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنرێت کە فوئاد ئەفسانە نەبوو، ژیانی فوئاد هیچ نهێنی و ڕەمز و ڕازێکی نەبوو، بەڵکوو سادە و خاکەڕا و شۆڕشگێڕ بوو. ئەو مرۆڤێکی ڕاستەقینە بوو، مرۆڤێکی کامڵ و پێگەیشتوو، کەسێکی ئاگا بە بوونی خۆی، کە لە ناخی خۆیدا بە ڕەهایی گەیشتبوو. لە داوی ناخۆئاگای ئەم جیهان و ئەو بوونە پێچەوانەیە، ڕزگاری ببوو. سەردەمی ئاگایی درۆینەی تێپەڕاندبوو و وشیارییەکی زانستی سەبارەت بە دنیای دەوروبەری، بە دەست هێنابوو فوئاد شرۆڤەکاری جیهان نەبوو، بەڵکوو مامۆستای گۆڕینی جیهان بوو. پێی دەنایە هەر شوێنێک، هەرکات بیری لە هەر بزاڤێک دەکردەوە، مرۆڤ سەنتەری کردەوەکانی ئەو بوو. مرۆڤ لە ڕوانگەی ئەوەوە شتێکی جگە لە هێزی بزوێنەر بۆ وەدیهێنانی گۆڕانکاری لە خزمەت بە مرۆڤایەتی دا نەبوو. لە ڕوانگەی ئەوەوە مرۆڤ لە ناو هاوچینەکانی دا دەتوانێت کۆمەڵگا و مێژوو بخوڵقێنێت. بۆ ئەم مەبەستە هەموو وزە و توانایی خۆی لەپێناو ڕێکخستن و هەوڵی مرۆڤەکان بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا و بنیاتنانی مێژوویەکی نوێ، مێژوویەک بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە ڕابردوودا بوونی هەبوو، تەرخان کرد. ئەو لایەنگری ئینسانێک بوو کە بتوانێت چارەنووس و مێژووی خۆی بنیات بنێت، ئەم کارە لە ڕوانگەی هاوڕێ فوئادەوە، ئەرکێکی تاکەکەسی نەبوو، بەڵکوو ئەرکێکی بەکۆمەڵ و چینایەتی بوو. لە پراکتیکی کورت ماوەی خۆیدا، بەتایبەتی دوای ئازادبوونی لە زیندان، لە ڕۆژی ٦ی ڕەزبەری پەنجاو حەوتەوە تا ٩ی خەرمانانی ٥٨ ڕۆژی گیانبەختکردنی، واتە لە ماوەی ١١ مانگدا، ئەوەی بە باشی و بە ڕوونی بەکردەوە دەرهێنا. بێ گومان چینی کرێکار و نەوەی نوێ و ئومێدەوار بە ژیان و داهاتوو، باشتر و زیاتر لە کاک فوئاد و ئارمانە کۆمۆنیستی و ئینسانییەکانی ئەو بۆ گۆڕانکاری تێدەگەن و بەکردەوەی دەردەهێنن. پێویستە لە بەرامبەر شرۆڤەی ناسیۆنالیست و لیبراڵە هەلپەرستەکاندا، کاک فوئاد، ئارمان و پراکتیکە چینایەتی و سۆسیالیستییەکانی ئەو، وەک ئەوەی کە بوو بناسرێت، نەک وەک ئەوەی کە کەسانێک بە پێی بەرژەوەندییە بەرتەسکە شەخسییەکانی ئەمڕۆی خۆیان دەیانەوێت پێناسەی بکەن. ئێستا و لە یادی ٤٥ ساڵەی گیانبەختکردنی ئەم گەنجینە بەنرخ و پڕبایەخ و لێوانلێو لە شۆڕشگێڕی و پاکی و ڕاستگۆیی و فیداکارییە لەپێناو ڕزگاری چینی کرێکار و مرۆڤایەتی ستەملێکراو دا، یاد و بیرەوەرییەکانی، نەک بە پەرستن و کڕنۆش بردنی ئایینی و خوڕافی، نەک بە ڕیاکاری و کەڵک وەرگرتنی خراپ لە ناوەکەی و لەگۆڕنانی ئارمان و بیر و باوەڕەکەی، بەڵکوو بە بەکارهێنانی سەرجەم تایبەتمەندییە بەرجەستە



درێژە لە لاپەڕەی ٥

پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

ئێدیتۆر:

ئیبراهیم علیزادە

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان

:Add

Sulaymaniyeh - Rizgari st

Tel: 00964-7701567854

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:

Tel: 0046-738041917

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە

Yahsat 1A 52.5E

Ferq: 12149

SymbolRate: 27500

Fec : Auto

www.tvkomala.com

ڕادیۆکان


بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست پاش بڵاوبوونەوی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

درێژە ی لاپەڕەی٥

مرۆیی و شۆڕشگێڕانەکانی، بەرز و بەرێز ڕادەگرین

## هاوڕێ سەدیق کەمانگەر

هاوڕێ سەدیق کەمانگەر لە ساڵی ١٣٤٨ کاتێك ڕێکخراوی کۆمەڵە دادەمەزرێ، لە یەکەم مانگەکانی ئاشکرابوونی کۆمەڵەدا دەبێ بە تێکۆشەرێکی هەڵسووڕاوی ئەو ڕێبازە. کاك سەدیق لە ساڵانی دەیەی ٥٠ی هەتاوی کاتێك خەباتێکی مافخوازانە لە نێوان جوتیارانی "دارسێران"ی مەریوان و فئودالەکان کەوتەڕێ، وەکوو پارێزەرێکی جەسوور و لێهاتوو ئەرکی دیفاع لە جوتیارانی وەئەستۆ گرت. لەگەڵ دەستپێکردنی خەباتی جەماوەریی لەدژی ڕژیمی شا، ئەندامی ناوەندی کانونی پارێزەرانی ئێران بوو کە بە ئیمزای خۆی بۆ دیفاع لە خەباتی ئازادیخوازانەی جەماوەریی، بەیانییەی دەردەکرد. لە مانگی پوشپەڕی ١٣٥٧ یەکەم کۆبوونەوەی خەڵکی شاری سنەی بۆ دیفاع لە زیندانیانی سیاسی کە مانیان لە خواردن گرتبوو، لەدژی ڕژیمی شا، ڕێکخست. ئەو لەو کاتەدا سیمای عەلەنی تێکۆشانی کۆمەڵە بوو. بانگەوازەکانی هاوڕێ سەدیق لە لایەن جەماوەری شۆڕشگێڕەوە وڵامی وەردەگرتەوە. هەڵسووڕانی بێوچانی کاك سەدیق، بوو بە هۆی کۆکردنەوەی هێزی ڕادیکاڵ و پێشڕەوی کۆمەڵگا لەبەرانبەر ڕەوتێکی کۆنەپەرستدا کە هەوڵی دەدا سەمەری خوێن و خەباتی جەماوەری خەڵکی کوردستان بکا بە پاشکۆی ئیرتجاعی مەزهەبی کە لەلایەن خومەینیەوە ڕێبەریی دەکرا. کاك سەدیق ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ لە



ڕێگەی تەلەویزیۆنی سنەوە لە پەیامێکدا داوای لە خەڵکی کوردستان کرد کە بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی ڕاپەڕینی سەرکەوتووی خۆیان چەکدار بن. لە یەکەم ڕۆژەکانی دوای ڕووخانی ڕژیمی شا کاك سەدیق و ژومارەیەك لە هاوڕێیانی لەسەر ڕێنوێنی کۆمەڵە جەمعیەتی دیفاع لە ئازادی و ئینقلابیان لە شاری سنە دامەزراند و کاك سەدیق بوو بە وتەبێژی ڕەسمی ئەو جەمعیەتە. کاك سەدیق لە شەڕی نەورۆزی شاری سنەدا لە سەرەوەی "شۆڕای ئینقلابی" ئەو شارەدا ڕاپەڕینی قارەمانانەی خەڵکی شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازی سنەی لەدژی هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی ڕابەری کرد. دەوری لێبڕاوی کاك سەدیق لەم دەورەیەدا لە کوردستان، ئەوی کرد بە کەسایەتێکی ناسراوی ناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە سەراسەری ئێراندا. لە گفتوگۆکانی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان و هەیئەتی نێردراوی دەوڵەتی مەرکەزی بۆ شاری سنە، دەوری ڕێبەرێکی جەسوور و لێبڕاوی بینی. هاوڕێ سەدیق ڕابەر و ڕێکخەری مانگرتن و تەحەسونی یەك مانگەی شاری سنە بوو کە بە مەبەستی دەرکردنی پاسداران لە شار کەوتەڕێ. لەگەڵ دەست پێکردنی موقاوەمەتی چەکدارانە بەرانبەر بە هێرشی ڕژیم بۆسەر کوردستان، هاوڕێ سەدیق وەك بەڕێوەبەرێکی لێهاتووی موقاوەمەتی پێشمەرگانەش لە ناوچەکانی کامیاران و سنە دەوری نواند. دوایین پۆستی تەشکیلاتی هاوڕێ سەدیق بەڕێوەبەریی رادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (رادیۆ کۆمەڵە) بوو. لە سەعات ٢ی نیوەشەوی ١٣ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٨ لە حاڵێکدا کە تازە لە نووسینی دوایین وتاری خۆی بۆ ڕادیۆ کۆمەڵە تەواو ببوو و بۆ پشوودانێکی کورت لە ژوورەکەی خۆی هاتبووە دەرێ، بە دەستی بەکرێگیراوێکی کۆماری ئیسلامی کە دزەی کردبووە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵەوە، خەڵتانی خوێن دەکرێ و دڵی کەیلی ئاواتی بە سەرکەوتنی زەحمەتکێشان بۆ هەمیشە لە لێدان دەکەوێ

## هاوڕێ غوڵامی کەشاوەرز (بەهمەن جەوادی)

بەهمەنی جەوادی کە لە جەریانی خەباتی سیاسی نهێنیدا بو خۆ شاردنەوە لە چاوی پۆلیس نازناوی غوڵامی کەشاوەرزی هەڵبژاردبوو، ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی دەسکورتی ئاوایی "نارەك" سەر بەشاری گەچساران چاوی بەژین پشکووت. هێشتا تازەلاوێک بوو کە لەگەڵ مەسەلە سیاسییەکان ئاشنا بوو. سەرەتاکانی دەیەی ٥٠ بوو کە بەهمەنی جەوادی و هاوڕێیانی، ڕێکخراوێکی خەباتکاریان بەناوی: "کردەوەی شۆڕشگێڕانە دژ بە بارودۆخی مەوجود" پێکهێنا. ئەرکی ئەم ڕێکخراوەیە چاندنی تۆوی وشیاری لەناو کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشدا بوو. بەهمەنی جەوادی ساڵی ١٣٥٤ چووە ناو زانکۆی کەشاوەرزی کەرەج. لەگەڵ چوونە ناو زانکۆدا چووە ناو جەرگەی خەباتی سەردەمەوە و لە پاش ماوەیەك بوو بە یەکێك لە سیما ناسراوەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری لەو زانکۆیەدا. لە ڕێکەوتی ١٨ی گوڵانی ١٣٥٥ خوێندکارانی زانکۆی کەرەج لە ساڵڕۆژی کوشتاری کرێکارانی کارخانەی "جیهان چیتی" کەرەج بەدەستی ڕژیمی شا لەساڵی ١٣٥٠ دەستیاندایە مانگرتنێکی بەرین. هاوڕێ غوڵامی کەشاوەرز لە ڕێکخەرانی ئەو مانگرتنەبوو. بەو هۆیەوە هەر لەو کاتەدا لە لایەن ساواکەوە دەستبەسەر و خرایە ژێر سەختترین ئەشکەنجەوە و نهێنی هاوخەباتیەکانی پاراست. لە پاییزی ١٣٥٧ لەگەڵ شکانی دەرگای زیندانەکان لەزیندان هاتەدەرەوە. لەماوەی چەند مانگدا هاوڕێ غوڵام وەك ڕێکخەرێکی کۆمۆنیست لەڕەوتی خەباتی جەماوەریدا خەریکی چالاکی بوو: وەڕێخستنی میتینگ و ڕێپێوانی دژبە ڕژیمی شا، پێکهێنانی گروپگەلی کرێکاری و پێشکەشکردنی وتار لەمیتینگەکاندا، لە زومرەی چالاکییەکانی



ئەو لەسەردەمی ڕاپەڕیندا بوو. هەروەها ئەو لەو خەباتکارانەش بوو کە لە دەستبەسەرداگرتنی پادگانی عیشرەت ئابادی تاراندا بەشداری کرد. ئەو لەسەرەتای زستانی ١٣٥٨ بە ڕێکخراوی "یەکێتی خەباتکارنی کۆمۆنیستە"وە پەیوەست بوو و لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە یەکێك لە ڕوخسارە ناسرا و هەڵسوڕاوەکانی ئەو تەشکیلاتە. لەزستانی ١٣٦١ تا خەرمانانی ١٣٦٢ هاوڕێ غوڵام لە بەشدار بووانی جیددی باسەکانی سەرەتای پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان بوو. ئەو لە زومرەی ئەو کەسانەبوو کە لە کۆنگرەی دامەزرێنەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بەشداری کرد و بۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئەو حیزبە هەڵبژێردرا. لەساڵی ١٣٦٤ هاوکات لەگەڵ بەرپرسیاریەتی تەشکیلاتی نهێنی، لە تەشکیلاتی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیست، دەستیدایە چالاکی و لەدوای ماوەیەك بە هاوکاری هەڵسوڕاوانی تری ئەو بەشە "فێدراسیۆنی سەراسەری کۆچبەران"یان لەئۆروپا دامەزراند. بەکرێگیراوانی جەهل و جینایەتی کۆماری ئیسلامی کە لە چالاکییەکان، کاریگەریی و توانابیەکانی ئەو خەباتکارە ماندوویی نەناسە ئاگادار بوون، لە کردەوەیەکی دڕندانەدا دەستیاندایە تیرۆر کردنی هاوڕێ غوڵامی کەشاوەرز. لەرۆژی ٤ی خەرمانانی ١٣٦٨ لەحاڵێکدا کەپاش ٨ ساڵ دەیویست لەگەڵ بنەماڵەکەی لە شاری لارەنکای وڵاتی قیبرس چاویان پێك بکەوێت، لەلایەن تیمێك لە بەکرێگراوەکانی کۆماری ئیسلامییەوە، کە شوێن پێیان هەڵگرتبوو، درایەبەر دەسرێژی گوللە و چەند سەعات دواتر لە بیمارستانی ناوەندیی لارەنکا ، گیانی بەختکرد

**وێڕای نوێکردنەوەی پەیمان لەگەڵ ئەو ئازیزانە، ڕێز لە یادی هەموو گیانبەختکردوانی ڕێبازێک دەگرین کە فوئاد و سەدیق و غوڵام، پێشەنگانی وەفاداری بوون.**

****

لاپەڕە فەرمیەکان لە سۆشیال میدیا

@Komalamedia

@Komala

ماڵپەری تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

Tvkomala.com

ماڵپەری هەواڵنێری پەیام

Payaam.net

ماڵپەڕە حیزبیەکان

Komalah.org

Cpiran.net

yadihawrean.com

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، سەبارەت بە مانگرتنی گشتی لە ساڵیادی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادی»دا




لە سەروبەندی ٢٥ی خەرمانان، دووەمین ساڵیادی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینادایین. ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو، دووهەمین ساڵیادی قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینی و دەستپێکی شۆڕشێکە کە بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، ڕێگای ڕزگاربوون لە چنگ حکوومەتی ئیسلامی و گەیشتن بە ئازادی، یەکسانی و جیهانێکی بەری لە ستەم، هەڵاواردن و چەوسانەوەی بە کۆمەڵگای ئێران نیشاندا. بزووتنەوەیەک کە لە شاری سەقز و لە کوردستانەوە دەستی پێکرد، لە ماوەیەکی کورتدا، سەرتاسەری ئێرانی گرتەوە. ئاخێزێک کە لە دژی هەڵاواردن و ئاپارتایدی جنسی و جێندەری لە دژی ژنان و بە ناوەرۆکی پێشڕەو، ڕادیکاڵ، ئینسانی و ئازادیخوازانەی خۆی، سیمای کۆمەڵگای ئێرانی گۆڕی، هاوپشتی نەتەوەکانی ئێرانی بەهێزتر کرد، خەباتی ئازادیخوازانە، یەکسانیخوازانە و عەداڵەت خۆازانەی بەیەکەوە گرێدا، هاوپشتی و هاوسۆزی نێونەتەوەیی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانی بەدەستهێنا و درزی قووڵ خستە ناو پایەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیەوە، بە جۆرێک کە ئاسۆی بەردەوام مانەوەی ئەم نیزامە کۆنەپەرستەیبەرگریکاری نیزامی سەرمایەداری، لێڵ کرد. کۆماری ئیسلامی هەوڵی دا کە بە کوشتاری لاوانی خوازیاری ئازادی و یەکسانی لە سەر شەقامەکان، بە کوێرکردنی چاوی سەدان کەس لە خۆپێشاندەران، بە زیندانیکردنی دەیان هەزار کەس، بە ژەهراویکردنی خوێندکارانی کچ لە قوتابخانەکان و بە ئەشکەنجە و ئێعدام، جەماوەری خەڵک هیوابراو کات و وا نیشان بدات کە کۆتایی بەم بزووتنەوەیە هێناوە. بەڵام لەلایەکەوە هێشتا شاهیدی ئەوەین کە ژنان سەرەڕای بوونی دەیان دام و دەزگای کۆنترۆڵ و چاوەدێریی، ئامادەنین چیتر بچنەوە ژێرباری قبوڵکردنی حیجابی زۆرەملێ و لەلایەکی دیکەشەوە بەردەوامبوونی خەباتی بەربڵاوی کرێکاران، موعەلیمان، خانەنشینان، خوێندکاران، پەرستاران و کرێکارانی بواری تەندروستی، پەروەردە، دادخوازان، نەتەوە ستەملێکراوەکان و بەرگریکارانی ژینگە، سەرجەم ئەو هەوڵە بێهوودانەیان پووچەڵ کردۆتەوە. ئەم خەباتە درەوشاوەیە، بە درێژایی دوو ساڵی ڕابردوو، بەردەوام بووە؛ بە جۆرێک کە لەم ماوەیەدا سیمای کۆمەڵگای ئێرانی گۆڕیوە و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە بواری فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسیی لەم کۆمەڵگایەدا پێکهێناوە. حیجابی زۆرەملی، کە هێمای ئیدئۆلۆژیکی ڕێژیمی ئیسلامی بوو، تووڕ هەڵدرا و گەشتی بەدناوی ئیرشادی ئیسلامی، لە ئاست ورە و ئیرادەی ژنانی بوێری ئێراندا، بەچۆکدا هات. پیاوسالاری و ناسیۆنالیزمی گیانسەخەت، کە لە نەریتەکانی کۆمەڵگای ئێراندا ڕەگ وڕیشەی داکوتاوە، لە بەرامبەر بزاڤی خەباتکارانەی لاوان، ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخوازدا، تا ڕادەیەکی زۆر پاشەکشەی پێکراو و جێگە و پێگەی ژنان لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگادا بەرزتر بووەوە؛ لە ئاوا بارو دۆخێکدایە کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، خۆیان بۆ یادکردنەوە و بەرزڕاگرتنی ساڵیادی دەستپێکی شۆڕشی ژینا و نوێکردنەوەی پەیمان لەگەڵ گیانبەختکردووانی ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانەیە، ئامادە دەکەن.

کۆمەڵە، وێڕای ڕێکخراوە سیاسییەکان و کۆڕ و کۆمەڵ و دامەزراوە مەدەنییەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، داوا لە جەماوەری خەڵکی کوردستان دەکات کە:

یەکەم- ڕۆژی یەکشەممە ٢٥ی خەرمانان، لە حەرەکەتێکی سیاسی؛ یەکگرتووانە و لێبڕاوانە دا، کوردستان یەکپارچە دابخەن، با سەرجەم ناوەندەکانی کار و زەحمەت، بازاڕ و ئیدارە دەوڵەتی و تایبەتەکان، هاوئاهەنگ و یەکپارچە، بە داخستنی شوێنی کار و پیشەکانیان، نموونەیەکی بەرچاو لە بەردەوامبوونی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی "ژن، ژیان، ئازادی"، نیشان بدەن. ئێمە داوا لە سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەین کە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان بەشێوەیەکی هەرچی بەرینتر و یەکگرتووانە تر، مانگرتنی گشتی لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان بەرێوە بەرن و لە کۆڕ و کۆبوونەوەی لەسەر گڵکۆی گیانبەختکردوان، بۆ ڕێز گرتن لە یادیان بەشداریی بکەن.

دووهەم- ئێمە لە هەر هەوڵ و کردارێکی پێشڕەوی جەماوەریی لە ئێران بۆ یادکردنەوە و بەرزڕاگرتنی ئەم ڕۆژە و لە سەرجەم بانگەوازەکان بۆ دەربرینی ناڕەزایەتی لە لایەن ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازە جەماوەرییەکان لە سەرانسەری ئێران، لە هەر فۆرم و شێوازێکی مومکین و کاریگەردا بەمەبەستی بەرەوپێش بردن و بەسەرکەوتن گەیاندنی ئەم مانگرتنە گشتییە، پشتیوانی دەکەین.

سێهەم- لە دەرەوەی وڵاتیش، ئێمە وێڕای پشتیوانی لە سەرجەم کۆڕ و کۆبوونەوە و ئاکسیۆنەکانی ڕێکخراو و حیزبە چەپ و پێشکەوتنخوازەکان، بە شێوەیەکی چالاکانە لە هاوکاری و ڕێکخستنی ئەو حەرەکەتانەدا بەشدار دەبین.

با، بە مانگرتنی گشتی ٢٥ی خەرمانان، ساڵیادی قەتڵی حکوومەتیی "ژینا ئەمینی"، جارێکی تر لەسەر ئیرادە و هاوپشتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئێران بۆ درێژەدان بە شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی جەخت بکەینەوە و یاد و بیرەوەریی گیانبازی و فیداکاریی گیانبەختکردووانی ئەو شۆڕشە، بەرز و بەرێز ڕابگرین..

**کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە**

**(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)**

**پێنج شەممە ٢٢ی خەرمانانی ١٤٠٣ی هەتاوی**

**١٢ی سێپتامبری ٢٠٢٤ی زایینی**

# پیرۆزبایی بەبۆنەی سەرکەوتنێکی گەورە

## پەیامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی بەڕێوەچوونی سەرکەوتوانەی مانگرتنی گشتی لە کوردستان

**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**

ئەمڕۆ یەکشەممە ٢٥ مانگی خەرمانان، لە ساڵیادی دەستپێکی شۆڕشی (ژن، ژیان، ئازادی) دا لاپەڕەیەکی پڕشنگداری دیکەتان بە مێژووی خەباتی هاوچەرخی کۆمەڵگای کوردستان زیاد کرد. بانگەوازی مانگرتنی گشتی بۆ ڕێزگرتن لە یادی ئەو شۆڕشەی کە دوو ساڵ لەمەوبەر لە کاتی ئەسپەردەکردنی ژینای ئازیز دا، بە هیممەتی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز لە کوردستانی سەربەرزەوە چەخماخەکەی لێدرا، وەڵامێکی لێبڕاوانەی وەرگرتەوە.

لە ماوەی دە ڕۆژی ڕابردودا کە لە ساڵیادی شۆڕشی ژینا نزیک دەبوینەوە، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هەرچی لە توانایدا بوو بۆ پێشگرتن لە بەڕێوەچوونی مانگرتن و ڕێوڕەسمەکانی یادی گیانبەختکردوانی شۆڕشی ژینا بە کاری هێنا، بە دەستبەسەرکردنی دەیان کەس لە هەڵسووڕاوانی ناسراوی مەدەنی، کە پێی وابوو ڕەنگە دەوریان هەبێ لە بەڕێوەبردنی ئەم مانگرتنەدا، بە میلیتاریزە کردنی شارەکانی کوردستان بە هەڕەشە و ترساندن، بە بەڕێوەبردنی بۆنەی فریوکارانە بە تایبەت لە شاری سنە، پێشگرتن لە ئامادەبوونی خەڵک لەسەر گڵکۆی گیانبەختکردووان و بە تایبەت بۆ سەر گڵکۆی ژینا لە ئارامستانی ئایچی، ڕێگا سەرەکییەکانیان داخست، ئاوی بەنداوی چراغ وەیسیان بەرداوە بۆ ئەوەی ئەو ڕێگا لاوەکیانەی کە دەچنەوە ئارامستانی ئایچی دابخەن. ئەمە جارێکی تر بە ڕوونی نیشانی ئەدات کە جەماوەری خەڵک، هێز و توانایی لەبن نەهاتووی خۆیان، لە سیما و کرداری دوژمنیش دا دەتوانن ببینن

بەم بۆنەوە، پیرۆزبایی گەرمی خۆمان پێشکەش بە جەماوەری شۆڕشگێڕی کوردستان دەکەین کە ئەم ئەزموونە مێژووییەیان بە سەرکەوتن گەیاند. ماندوونەبوونی بە سەرجەم هاوڕێیانی کۆمەڵە لە ناوخۆی وڵات و هاوڕێیانی بەشی هەواڵ و ڕاگەیاندن و تەلەویزیۆنی کۆمەڵە و تورە کۆمەڵایەتییەکان دەکەین کە لە ماوەی سێ ڕۆژی ڕابردوودا، بەوپەڕی جۆش و خرۆش و ماندوویی نەناسی و بێوچان هەموو کاتەکانی خۆیان خستە خزمەت سەرکەوتنی ئەم مانگرتنە گشتییە شکۆدارە، دەستیان بە گەرمی دەگوشین. هەروەها ڕێز و پێزانینی خۆمان ئاراستەی سەرجەم ئەو کەس و لایەنانە سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتییانە دەکەین کە شانازی بەشداریکردن لە ڕێکخستن و بەسەرکەوتن گەیاندنی ئەم مانگرتنەیان هەبووە. پەیامی سیاسی ئەم مانگرتنە گشتیە ڕوون و ئاشکرایە: شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، بەردەوامە و خەڵکی زۆرلێکراو و بێبەش ورە و ئیرادەیان بۆ سەرکەوتن بەرزە.

ئێمە دەزانین کە تا گەیشتن بە سەرکەوتنێکی چارەنووسساز، هێشتا ڕێگای پڕ هەوراز ونشێوی زۆرمان لەپێشدایە کە دەبێت هەنگاو بە هەنگاو هەموو هێز و توانایی خۆمان بخەینە گەڕ بۆ تێپەڕاندنی ئەو مەودایە. سەرکەوتنی مانگرتنی ٢٥ خەرمانانی ١٤٠٣، هەنگاوێکی پتەو بوو بەو ئاراستەیە دا. مانگرتنی سیاسی گشتی سوننەتێکی جێکەوتووە لە کومەڵگای کوردستاندا. ئەم جارەش خەڵک، هێزی یەکگرتووانەی خۆیان لەم شێوازەی ناڕەزایەتی دەربڕینی سیاسیدا ئەزموون کرد. بەم حاڵەوە ئێمە هێشتا لە ڕێگای گەیشتن بە سەرکوتنی کۆتایی، هێندێک قۆناغمان لەبەردەمدایە کە دەبێ بە ژیریی سیاسی و بەهەمان ئیرادە و ڕۆحیەی خەباتکارانەی تا ئێستا، خۆمان بۆ تێپەڕ کردنییان ئامادە بکەین. مانگرتنی گشتی، کاریگەربوونی خۆی لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا بۆ زەمینگیرکردنی هێزە سەرکوتگەرەکان نیشانداوە. خەڵکی کوردستان بە گرتنەبەری ئەم شێوازەی خەباتی جەماوەریی، تا ئێستا چەندین جار هێزە سەرکوتگەرەکانیان لە بەرامبەر ئیرادەی یەکگرتووانەی خۆیاندا بە چۆکدا هێناوە. ئەم مانگرتنە جارێکیتر، سیمای جەماوەریی بوون و کۆمەڵایەتی بوونی ئەم ئاخێزەی ئێستای دژ بە ڕژیمی ئیسلامی و بۆ دامەزراندنی داهاتویەکی باشتر، بە ڕوونی بە خەڵکی دنیا نیشاندا. سەرکەوتنی ئەو مانگرتنە لە هەمان کاتدا پەپامێکیش بوو بۆ ئەو لایەنانەی دەرەوە کە ڕادەی پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە کۆمەڵە و حیزبە سیاسییەکانی چالاک لە کوردستان، بە کەم دەگرن و ئاەو ڕاستییە لە بیر دەبەنەوە کە مێژوو لەگەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە

مانگرتنی گشتی ئەمڕۆ ٢٥ی مانگی خەرمانان، یەکێکە لە مەیدانەکانی دروستکردنی ئەو مێژووە. دەستی هەموو تێکۆشەران و هەڵسووڕاوان و جەماوەری خەڵکی یەکگرتوو، کە ئەم سەرکوتنەیان مسۆگەر کرد، بەگەرمی دەگوشین و سڵاو دەنێرین بۆ یاد و بیرەوەری سەرجەم گیانبەختکردووانی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی

**بژی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان**

**کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە**

**ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**٢٥ خەرمانانی ١٤٠٣**

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە گواستنەوەی ئۆردوگای کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان

## جەماوەری تێکۆشەری کوردستان!

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی دوو ساڵ بەسەر واژۆی ڕێککەوتنە ئەمنییە شەرمەزارانەکەی دەوڵەتەکانی ئێران و عێراق، سەرەنجام پرۆسەی بەکردەوە دەرهاتنی قۆناغێکی دیکە لە برگە شاراوەکانی ئەو ڕێککەوتننایە چووە بواری جێبەجێکردنەوە. لەم قۆناغەدا ژمارەیەکی کەم لە کەس و بنەماڵەکانی، کۆمەڵە نیشتەجێی زەرگویزی سەروو، وەک دەستپێکی پرۆسەکە، گواسترانەوە بۆ سووورداش، شوێنێک لە ٤٠ کیلۆمەتری زەرگویز و نزیک شاری دوکان لە هەرێمی کوردستان. ئەم کەسانە بڕیارە لەو شوێنە نوێیە نیشتەجێ بن، تا خانوو و ئیمکاناتی پێویست بۆ نیشتەجێبوونی بنەماڵە و کەسەکانی تریش ئامادە بکرێت. ئەم ڕووداوە لە ڕێگەی ماسمیدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمی کوردستانەوە ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەیەکی زۆری بووە و بۆتە هۆی نیگەرانی لەناو خەڵکی کوردستانی ئێران و بەتایبەتی بنەماڵەی هاوڕێیانمان لە ناوخۆی وڵاتدا. بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی وردەکارییەکانی ئەم ڕووداوە، سەرنجی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕادەکێشین

یەکەم: ئێمە لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا زۆر جار و لە هەر دەرفەتێکدا، جەختمان لەوە کردووەتەوە کە یەکەم بە هۆکارگەلێکی ڕوونی سیاسی، خەباتکارانە و کۆمەڵایەتی، ئەولەویەتمان نەک خەباتی چەکداریی، بەڵکوو بریتییە بووە لە پەرەپێدان بە خەباتی سیاسی و مەدەنیی لە کوردستانی ئێران. ئەم سیاسەتە لە شرۆڤە و هەڵسەنگاندنی ئێمە سەبارەت بە گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئێران و کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێت. مانگرتنی گشتی هاوینی ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی لە نارەزایەتی بە کوشتنی جینایەتکارانەی "شوانە سەید قادری" لە شاری مهاباد، بە تایبەت لەو ڕووە کە ئەم مانگرتنە تەنیا لەسەر بانگهێشتی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) بەڕێوەچوو، لە تاقیکردنەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا ئەو دڵنیاییەی بە ئێمە بەخشی کە ڕێگای دروستمان هەڵبژاردووە. دووەم: ئەم سیاسەتە لەهەمانکاتدا جەختکردنەوە بوو لەسەر ئەم ڕاستییە، لەو ڕووەوە کە کۆماری ئیسلامی هەموو توانا سەربازی و سەرکوتگەرییەکانی خۆی لە دژی خەباتی خەڵکی کوردستان و پێشێلکردنی مافە سەرەتاییەکانی ئەو خەڵکە بەکاردەهێنێت، بەردەوام ئەو مافەش بۆ کوردستان ڕەوایە کە هەرکاتێک بە پێویستی بزانێت، وەک بەرگرییەکی ڕەوا لەخۆی، دەست بۆ چەک ببات

دووەم: بەداخەوە شوێنی جێگیربوونی تەشکیلاتی ئاشکرای ئێمە لە هەرێمی کوردستان بەردەوام ناوچەیەکی نائەمن بووە. تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لەم ناوچەیە زۆر چالاک بووە و سەدان ئەندام و لایەنگرانی حیزبە سیاسییە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکانی جێگیر لە کوردستانی عێراق و لەوانە ژمارەیەک لە هاوڕێیانی ئێمە، بوونەتە قوربانیی دەستی ئەو تیرۆریزمە، گیانیان لەدەست داوە و یان بریندار بوون. ئەگەر زۆر نەگەڕێنەوە بۆ ڕابردوو، هەر لەم قۆناغەدا شاهیدی سەرهەڵدانی داعش و گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکانی کوردیی وەک جوندولئیسلام، ئەنسارولئیسلام، داعش و هتد بووین، کە هەمووان دەزانن بە تایبەتی بە خوێنی کۆمۆنیستەکان تینوون. لەمڕووەوە ئێمە وتوومانە کە ڕێکخراوەکەمان لەم ناوچەیە بۆ بەرگریکردن لەخۆی، خاوەنی باڵێکی چەکدارییە. لەو ڕووەوە کە ئەم نائەمنییە هێشتاش بەردەوامە، ئێمە تا ئەم ساتەش مافی بەرگریکردن لەخۆمان بە ڕەوا دەزانین. جگە لەوەش هەبوونی چەک لە هەرێمی کوردستان و لە عێراق بە گشتی لە چوارچێوەی پەیڕەوێکی دیاریکراودا قبوڵکراوە. لە پرسی چەککردن یان چەک داماڵین کە لەم ڕۆژانەدا زۆر باسی دەکرێت، ئێمە بڕێکی تاڕادەیەک زۆر لە چەکی قورس و نیوە قورسمان کە ساڵانێکی زۆر بوو هەڵمانگرتبوو و هیچ ڕۆڵێکی کردەییان بۆ ئێمە نەبوو، وەک ئەمانەت، سپاردوومانە بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان

سێیەم: بڕگەکانی ڕێککەوتنی ئەمنیی نێوان دەوڵەتەکانی ئێران و عێراق، هەتا ئێستاش ئاشکرا نەکراوە. تەنها وتەبێژانی ئەو دوو دەوڵەتە لە هەندێک بۆنەی جۆراوجۆردا، بە کورتی ئاماژەیەکیان بە ناوەڕۆکەکەی کردووە، کە بەشێک لەو ئاماژانەش لە چوارچێوەی پڕوپاگەندە و شەڕی دەروونی و هیتر... دا خۆی دەبینێتەوە. بەڵام وا پێدەچێت کە لانیکەم پرسی گواستنەوەی ئۆردوگاکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ شوێنی دووهەم بەشێک بووبێت لەم ڕێککەوتننایە. لە میانەی ئەو گفتوگۆ تێروتەسەلانەی کە لەماوەی یەک دوو ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستانی عێراق بوومانە، هەوڵماندا کە بەو قەناعەتەیان بگەیەنین کە هیچ هۆکارێک بۆ گواستنەوەی ئەو ئۆردوگایانە بوونی نییە و جەختمان لەوە کردەوە کە ئەگەر دەستبەرداری بەدواداچوون بۆ ئەم پرسە بن، ئێمە ئەو شوێنانە دەکەین بە شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵکی سڤیل و جێگەیەک بۆ بەڕێوەبردنی چالاکییە سیاسی و فەرهەنگی و مەدەنییەکان. ئەم وتووێژانە دوای دوو ساڵ بە ئاکام نەگەیشتن. لە دانیشتنێکی ئەم دواییانەی نوێنەرانی ئێمە و ئەو دوو لایەنەی دیکەی کە بەناوی کۆمەڵەوە چالاکی دەکەن لەگەڵ وەفدێکی حکوومەتی عێراق لە شاری سلێمانی، تەنیا نەرمییەکی بەرچاوی کە لەخۆیان نیشانیان دا ئەوە بوو کە هاوڕێیانی ئێمە دەتوانن وەک هاوڵاتی لە شارەکانی هەرێمی کوردستان نیشتەجێ بن، بەم شێوەیە گفتوگۆکان بە بنبەست گەیشت. دوابەدوای ئەوە دیالۆگ و گفتوگۆکانمان بە مەبەستی گەیشتن بە چارەسەرێکی مامناوەند لەگەڵ نوێنەرانی یەکێتی نیشتمانی درێژە پێدا. لەم دوا قۆناغی وتووێژانەدا جەختمان لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەم ڕادەیە لە پێداگریی کۆماری ئیسلامی لەسەر لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان، هیچ پەیوەندییەکی بەو مەترسییە ئەمنییانەوە نییە کە لە هەرێمی کوردستانەوە لە ڕێگەی ئێمەوە بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامی دەبێتەوە، بەڵکوو بەشێکە لە شەڕێکی دەروونی کە لە دژی خەڵکی کوردستانی ئێران و بۆ شکاندنی شکۆی هەرچی زیاتری حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، لە هەردوو دیوی سنوور وەڕێیخستووە. ڕێژیمی ئێران دەیەوێت ئەو پێوەندییە سۆزداری و هاوپشتییە مێژوویی و خەباتکارانەی نێوان ئەم دوو بەشەی یەک نەتەوە، تێکبدات. بێ گومان دوکەڵی ئەم سیاسەتە دەچێتە چاوی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیشەوە. ئێمە جەختمان لەوە کردەوە کە لەبەر بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی خۆشتان بووبێت، نابێ ببنە ئامرازی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە. بەداخەوە ئەم وتووێژانەش سەرەنجام بە بنبەست گەیشتن و سەرەڕای خۆڕاگریی دوو ساڵەمان، بڕیاری گواستنەوەی ئۆردوگاکانی زڕگوێز، بانە گۆڕە و زڕگوێزەڵە درا. بڕیار درا کە ئەم پرۆسەیە قۆناغ بە قۆناغ بەڕێوە بچێت، قۆناغەکانی داهاتوو پێوەندی دەبێت بە ئاستی ئامادەکارییەکانی شوێنی نوێ بۆ نیشتەجێبوونی باقی دانیشتوانی ئەو ئۆردووگایانە. ئەوان پێیان وتین کە بەمەبەستی کەمکردنەوەی گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی، پێویستە هەرچی زووتر ستارتی دەستپێکی ئەم پرۆسەیە لێبدرێت

چوارەم: سەرەڕای ئەم ڕووداوەی ئەم دواییە، ئێمە پێمانوایە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت، لەمەودواش، هەندێک هێڵی سوور بۆ داواکاری و گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی و نوێنەرەکەی، واتە دەوڵەتی عێراق دابنێت. ئێمە دەزانین کە دەوڵەتەکانی ئێران، عێراق و تورکیا، لە ڕێگەی سەپاندنی ئەم گوشارانەوە، بەدوای ئامانجێکی هاوبەشەوەن و لە هەماهەنگییەکی کردەییدا لەگەڵ یەکتر کاردەکەن، ئەوان خەباتی خەڵکی کوردستان لەپێناو بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین، بە مەترسی بۆ سەر ئێستا و داهاتووی سیاسی خۆیان دەزانن و لە پێکهاتنی هەر چەشنە هاوپشتییەکی نەتەوەیی و خەباتکارانەی کە تەنانەت هیچ ئامانجێکی جیابوونەوەشی لەپشت نەبێت، گەلێک نیگەرانن. ئەوان شاهیدی ئەوە بوون کە چۆن لە قۆناغە جیاوازەکاندا ئەم خەڵکە، هاوبەشی خەم و شادی یەکتر بوون و لە پێناو ئەو هاوپشتییەدا گیانبازییان کردووە. بە تێگەیشتن لەم ڕاستییە، دەتوانن بەبێ ئەوەی هیچ پێویستی بە دنەدان و دوژمنایەتییەکی پێشوەختە بێت، لە هەمانکاتدا کە پەیوەندییە سیاسی و بازرگانییەکانی خۆیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا دەپارێزن، سنوورێکیش بۆ دەستێوەردانی ئەم ڕژیمە لە کاروباری ناوخۆیاندا دابنێن، کە بێ گومان ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی لەو شێوەیە بەهێزتریان دەکات

پێنجەم: واقیعییەت ئەوەیە کە ڕەگ و ڕیشەی ئێمە و تەنانەت زۆرێک لە ڕەوتەکانی دیکەش لە کۆمەڵگای کوردستانی ئێراندایە. جێگیربوونی تەشکیلاتی ئاشکرای ئێمە لە شوێنێک بە ناوی زڕگوێز، تەنیا هێمایەکە. ئەو حیزب و لایەنانەی کە ئەمڕۆژانە لەلایەن بەرپرسانی هەرێمی کوردستانەوە بێ مێهرییان لەگەڵ دەکرێت، هەر ئەوانەن کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، لەڕێگەی بانگەوازەکانیانەوە گەلێک چالاکی و ئاکسیۆنی جەماوەریی بەرینیان ڕێکخستووە. لە چەند مانگی سەرەتای شۆڕشی ژینادا، چەندین جار ملیۆنان کەس لەسەر بانگەوازی بەکۆمەڵی ئەو حیزبانە، مانگرتنی سیاسی گشتییان بەڕێوەبردووە، هەر ئەم نفووز و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەیە کە کۆماری ئیسلامیی بەم ڕادەیە تووشی ترس و خۆف کردووە و دڵخۆشە بەوەی کە گوایە دەتوانێت بە گواستنەوەی ئێمە لە خاڵێکەوە بۆ مەودای ٤٠ کیلۆمەتر ئەولاتر، ورە و ئیرادەی تێکۆشەرانی ئێمە بۆ درێژەدان بەو ڕێبازە پڕ لەشانازییەی کە گرتوویانەتەبەر، لاواز بکات، خەبات و هەڵسووڕانی کۆمەڵە لە هەر جوگرافیایەکدا، بە پشت بەستن بە جەماوەری تێکۆشەری کوردستان و ڕەچاوکردنی سیاسەتی بەرپرسیارانە و گونجاو، هاوهەنگاو لەگەڵ بەرەوپێشچوونی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی ئێران و کوردستان، بەردەوام دەبێت

شەشەم: لە سەروبەندی دووهەمین ساڵیادی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"داین، شۆڕشێکی کە لە کوردستانی شۆڕشگێڕ و لە زێدی "ژینا ئەمینی"، واتە شاری سەقزەوە دەستپێکرد. هەر لە ئێستاوە کۆمەڵێک ڕێوشوێن و ئامادەکاریی بۆ بەرز ڕاگرتنی ئەم یادە لە ناوخۆی وڵات و بەتایبەتی لە کوردستان گیراوەتەبەر. کۆماری ئیسلامی بەمەبەستی پێکهێنانی ورەی بێهیوایی و لاوازکردنی ئیرادەی هاوبەشی خەڵکی کوردستان لە دووبارە پیشاندانی یەکڕیزی و یەکگرتوویی خەباتکارانەی خۆیان لە ساڵیادی شۆڕشی "ژینا"دا، ئاگایانە و ئامانجدار، گواستنەوەی بەشێک لە هێزەکانی کۆمەڵە و ئەو دوو لایەنە سیاسییەی دیکەی خستە بەرنامەی کاری خۆی و لە لایەن یەکێتی نیشتمانییەوە بەکردەوەی دەرهێنا. وەڵامی سیاسیی، خەباتکارانە و شیاوی بزووتنەوەی "ژینا" و هەروەها ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەبەست و ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی لە مەسەلەی گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونی حیزبە سیاسییەکان، بەڕێوەچوونی هەرچی شکۆدارتری ئەم شۆڕشە لە فۆرم و شێوازی جۆراوجۆر و یەکگرتووانە لە ناوخۆی وڵات و بەتایبەت لە کوردستان و هەروەها خۆپیشاندان و ڕێپێوانی بەربڵاو و هەماهەنگ لە دەرەوەی وڵاتە. گومان لەوەدا نییە کە ئەم ڕۆژانەش، بە یەکڕیزی، هاوپشتی و خەبات و خۆڕاگریی یەکگرتووانەی خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان و هەروەها بە هاوکاری حیزب و لایەنە سیاسییەکان، تێپەڕ دەبێت و دوا ڕۆژەکانی تەمەنی کۆماری ئیسلامیش نزیکتر دەبێتەوە

**کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە**
**(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)**
**٦ی سێپتامبری ٢٠٢٤**

****

# کۆماری ئیسلامی و ڕۆژی جیهانی خەبات لەدژی نەخوێندەواریی

ئەمڕۆ یەکشەممە ٨ی سێپتامبر، بەرابەر بە ١٨ی خەرمانان، ڕۆژی جیهانی خوێندنە. ساڵی ١٩٦٦ی زایینی ئەم ڕۆژە بە پێشنیاری یۆنسکۆ، ڕێکخراوی ئامووزشی زانستی و فەرهەنگی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵنامەی ئەو ڕێکخراوەیەدا تۆمار کرا. بەپێی ئەو ئامارانەی کە لەلایەن یونسکۆوە بڵاو کراوەتەوە، نزیکەی ٨٠٠ ملیۆن کەسی نەخوێندەوار لە جیهاندا بوونیان هەیە. لەو ئامارەی یۆنسکۆدا، نەخوێندەوار بەو کەسانە دەوترێت کە لە توانایی خوێندنەوە و نووسین بێبەشن. بەڵام لە دنیای ئەمڕۆدا، بێبەشبوون لە ئیمکانی بەکارهێنانی ئینترنێت و ئامرازەکانی تری پەیوەندیکردنیش، دەبێ لە چەمکی نەخوێندەواریدا جێگیر بکرێت. هەربۆیە ڕێژەی نەخوێندەواری ڕاستەقینە زۆر زیاترە لەم ڕێژەیە. بەپێی خەمڵاندنەکانی یونسکۆ، بەهۆی نەبوونی دەرفەتی پێویست، ساڵانە ٣٠ بۆ ٥٠ ملیۆن کەس دەخرێنە لیستی نەخوێندەوارەکانی جیهانەوە. بەپێی ئامارە فەرمییەکانی یونسکۆ، نزیکەی ٨٠ ملیۆن منداڵ لە سەرانسەری جیهاندا بوونیان هەیە کە تەنانەت ئیمکانی خوێندنی سەرەتاییشیان نییە

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیدا، بە پێی ئامارەکانی ناوەندی ئاماری ئێران، ٢٨ میلیۆن لە دانیشتووانی ئەو وڵاتە نەخوێندەوارن. بە پێی ئامارە فەرمییەکانی کە لەڕاستیدا هیچکات ژمارەی ڕاستەقینەی نەخوێندەواری لە ئێراندا نیشان نادەن، ئێران لە نێو ١٧٨ وڵاتی جیهاندا لە پلەی ١٢٠ دایە. ئاشکرایە کە ژمارەی نەخوێندەواران لە نێو کرێکاران و چین و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگادا زۆر زیاترە لە ژمارەی نەخوێندەواران لە نێو چین و توێژەکانی تردا. هەروەها نەخوێندەواریی لە ناو ژناندا دوو ئەوەندەی پیاوان زیاترە و زۆربەی نەخوێندەواران لە گوندەکاندا دەژین. هەروەها لە نێوان ناوچە جیاجیاکانی ئێران، پارێزگا کوردنشینەکان کە تێیاندا منداڵان لە خوێندن بە زمانی دایکیان بێبەشن، زۆرترین ڕێژەی نەخوێندەوارییان هەیە و لەم بابەتەوە هاوئاستی پارێزگاکانی سیستان و بەلوچستانن. جگە لە ڕێژەی بەرزی نەخوێندەواریی لەناو بەتەمەنەکان، لە ئێران لە کۆی ٢٠ میلیۆن منداڵی کە پێویستیان بە چوون بۆ مەدرەسە و خوێندن هەیە، تەنیا ١٢ ملیۆنیان دەچنە مەدرەسە

کۆماری ئیسلامی سەرەڕای ئەوەی کە وا خۆی نیشان دەدات کە گۆیا گرنگی بە چارەسەرکردنی کێشەی نەخوێندەواری دەدات، بەڵام بەو پێیەی کە بەشێکی زۆری بودجەی ڕژیم هەموو ساڵێک بۆ چالاکییە نیزامی و ئەمنییەتییەکان و دام و دەزگاکانی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی خوڕافات لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات خەرج دەکرێ و گەندەڵی و تاڵان و بڕۆی دارایی و ئیداریش بەشێکە لەم سیستەمە، هیچ کام لەو پلان و بەرنامانەی کە تا ئێستا بەکاری هێناوە ئەنجامێکی سەرکەوتوویان نەبووە. ئەمڕۆ لە دۆخێکدا کە تەنانەت تەنیا توانایی خوێندنەوە و نووسینیش پێوەرێکی تەواو نییە بۆ خوێندەواربوون، بەرپرسانی ڕژیم باس لە بوونی ٢٨ میلیۆن نەخوێندەوار دەکەن. بەپێی پێناسەکانی ناوەندی ئاماری ئێران، کەسێک کە بتوانێت دەقێکی سادە بە زمانی فارسی بخوێنێتەوە یان بنووسێت، بە خوێندەوار دادەنرێت و هاوتایە لەگەڵ ئاستی یەکەمی سەرەتایی خوێندن. بەڵام بەپێی پێوەرەکانی ئەمڕۆ، خوێندەوار کەسێکە کە بتوانێت لە خوێندەواربوونی خۆی بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی ئاستی وشیاری و لێهاتوویی و باشترکردنی ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی بەهرەمەند بێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئێستا کامپیۆتەر و ئینترنێت بووەتە بەشێک لە کار و ژیانی مرۆڤەکان، پێویستە ژنان و پیاوان لانیکەم توانایی بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەیان هەبێت. ئەگەر کەسێک لەو توانایە بێبەش بوو، کەمتر دەتوانێت ئاستی زانست و زانیاری و لێهاتوویی خۆی بەرەوپێش ببات

بەڵام کێشەی منداڵان و گەنجان و گەورەکانی ئێران تەنیا نەخوێندەواریی یان کەمی خوێندەواریی نییە. کۆماری ئیسلامی جگە لە نەخوێندەواریی، لە ڕووی ئاستی کوالێتیشەوە تاڕادەیەکی زۆر پاشەکشەی بە خوێندن و بارهێنان کردووە. ئەو منداڵانەی واز لە خوێندن دێنن دەنێردرێنە بازاڕی بێبەزەییانەی کار و زۆربەیان لەگەڵ چوونەسەرەوەی تەمەنیان ئیتر هەرگیز ئیمکانی خوێندن و خوێندەواربوون بەدەست ناهێنن. بەرپرسانی ڕژیم هەموو هەوڵ و ئیمکاناتی خۆیان بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی ئەو خوێندکار و قوتابییانە خوڕافاتی و لەباری کەسایەتییەوە ناسەربەخۆ و گوێڕایەڵ بار بهێنن. کاربەدەستانی بەشی پەروەردە و بارهێنان بەمەبەستی پڕکردنەوەی کاتەکانی خوێندکاران و شۆردنەوەی مێشکیان، کەسانێکیش بەناوی "ڕاهێنەری پەروەردەیی" دەنێرنە قوتابخانەکان، کە یان مەلان یان دەورەی مەلایەتییان بینیوە. ئەرکی ئەو کەسانە بریتییە لە کارکردن بەشێوەی تاک و ڕووبەڕوو لەگەڵ خوێندکاران بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر، خوڕافاتی باریان بهێنن. تەواوکەری ئەم هەوڵانە بریتییە لە خستنە ژێر گوشار و پێدانی کۆمەڵێک ئیمتیاز بەمەبەستی ناونووسکردنی منداڵان و تازەلاوانی خوێنداکار لە ڕێکخراوی بەسیجی سپای پاسداراندا

بەرپرسانی پەروەردەیی ڕژیم بە جیاکردنەوەی کچان لە کوڕان هەوڵ دەدەن ئەگەری هاوڕابوون و هاوفکریی و هاوکاریی ئەوان لە قوتابخانەکاندا هەرچی زیاتر کەم بکەنەوە. ناچارکردنی خوێندکاران بۆ گەشتکردن بۆ ناوچە شەڕلێدراوەکان لەژێر ناوی "کاروانی ڕاهیانی نوور" و هەوڵدان بۆ پڕکردنی مێشکی منداڵان لە بابەتی درۆ و دەلەسەی مێژوویی، کۆمەڵێک کێشە و گرفتی دیکەن کە خوێندکاران لەگەڵیدا بەرەڕوون. دەسەڵاتدارانی ڕژیم بە سووکایەتی و بێ ڕێزیکردن بە ئەفغانییەکانی دانیشتووی ئێران و بێبەشکردنی منداڵەکانیان لە خوێندن، هەوڵ دەدەن تۆوی ناسیۆنالیزم و شۆڤێنیزمی ئێرانی لە مێشکی خوێندکارانی ئێراندا بچێنن. بەردەستبوونی بەربڵاو و هەرزانی مادەهۆشبەرەکان، یەکێکی دیکەیە لەو کێشە و گرفتانەی کە کاریگەری زۆری لەسەر ژینگە پەروەردەییەکانی ئێران هەیە. ئەو ڕاستییە تاڵانەی سەرەوە نیشانی دەدەن کە خەبات لەدژی نەخوێندەواریی و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لە ئێران گرێدراوە بە خەبات لە دژی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییەوە. تەنیا بە ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ئەم ڕێژیمەیە کە کۆمەڵگای ئێران دەکەوێتە سەر ڕێچکەی زاڵبوون بەسەر ئەم کێشە کۆمەڵایەتییە کارەساتبارانەدا

****

# هەوڵی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ فراوانکردنی شەڕ، پاش وێرانکردنی غەززە

نزیکەی ساڵێک بەسەر شەڕی دەوڵەتی ئیسرائیل لە دژی حەماس و خەڵکی بێ دیفاعی غەززەدا تێپەڕ دەبێت. تا ئێستا زیاتر لە ٤٠ هەزار منداڵ و پیر و لاوی بێ دیفاع گیانیان لەدەستداوە و زیاتر لە ١٢٠ هەزار کەسیش بریندار بوون. لە تەواوی کەرتی غەززەدا کەمتر بینایەک بەسەرپێیەوە ماوە. ٧٠٪ی سەرچاوە ئاوییەکانی غەززە بە تەواوی لەناوچوون. ئەرتەشی ئیسرائیل بە ئەنقەست ٥٥ هەزار داری لە غەززە لە ڕیشەوە هەڵکەندووە، بۆ ئەوەی بە تەواوی ئاسەوارەکانی ژیان لەم ناوچەیە بسڕێتەوە. هێرش بۆ سەر کەمپەکانی پەنابەران، بەئامانجگرتنی نەخۆشخانەکان، ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان، هێرش بۆ سەر ناوچە ئەمنەکان و کوشتاری بەردەوامی منداڵان، وێرانکردن و دزینی موڵک وماڵی ئاوارەکان، سەپاندنی برسێتی بەسەر زیاتر لە دوو ملیۆن کەس لە دانیشتوانی ئاوارەی غەزز، و هەروەها گیان لەدەستدان بەهۆی برسێتی و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی جۆراوجۆر هاوکات لەگەڵ نەبوونی دەوا و دەرمان و لەکارکەوتنی نەخۆشخانەکان، لەنێو منداڵان و بەساڵاچوواندا، بەردەوام پەرە دەستێنێت. هەموو ئەمانە سیمای جینۆسایدی فاشیزمێکی ئاشکرای خستۆتە بەرچاوی جیهان. پشتیوانی بێ ئەملاو ئەولای دەوڵەتی ئەمریکا و دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا لە جینایەتەکانی دەوڵەت و ئەرتەشی ئیسرائیل و کوشتاری دەیان هەزار کەسی بێدیفاع، ڕادەی پابەندبوونی درۆینەی ئەو وڵاتانە بە پرسی مافەکانی مرۆڤ و یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکان، بە ڕوونی دەردەخات

ئەرتشی ئیسرائیل، هاوکات لەگەڵ درێژەی کوشتار لە غەززە، هێرشەکانی لە قوڵایی خاکی لوبنانیش دا پەرەپێداوە. دەوڵەتی ئیسرائیل دوای وێرانکردنی غەززە، لوبنان و کەناری ڕۆژئاوای، وەک بەرەی نوێی شەڕ کردۆتە ئامانج. هەوڵەکان بۆ گەیشتن بە ڕێگەچارەیەک بۆ ئاگربەست، بەهۆی خۆڕاگریی ئیسرائیل و بەتایبەت سەرپێچییەکانی خودی نەتانیاهۆ، بە هیچ ئاکامێک نەگەیشتووە. دەستی ڕاستە توندڕەو و جینایەتکارەکانی ناو کابینەی ئیسرائیل، تەشەنەسەندنی شەڕ لە ناوچەکە، وەک ڕێگە چارەسەرێک بۆ دەربازبوونیان لەو بنبەستەی ئێستا چاولێدەکەن. سەرۆک وەزیری ئیسرائیل و کابینەکەی، قبوڵکردنی هەر چەشنە ئاگربەستێک بە واتای شکستی خۆیان لە شەڕی غەززەدا دەزانن. بەردەوامبوونی ئەم شەڕە، تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی خستووەتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، بەجۆرێک کە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێکیماڵوێرانکەری ناوچەیی، کە یەکێک لە لایەنەکانی ئەو شەڕە کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێت، دوور لە چاوەڕوانی نییە. دەوڵەتەکەی بنیامین نەتانیاهۆ، لەلایەکەوە بەهۆی نیگەرانی لەو دۆخەی کە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی غەززە، لەگەڵی بەرەوڕوو دەبێتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی گوشاری هاوپەیمانە ڕاستە توندڕەوەکانی ناو دەوڵەتەکەی، ناتوانێت و نایەوێت کۆتایی بە شەڕی غەززە بهێنێت. هاوکات ئەوەی کە لە مەیدانی نەبەردی ڕاستەقینەدا ڕوویداوە، ئەوەیە کە سەرەڕای کوشتاری بێبەزەییانەی زیاتر لە ٤٠ هەزار منداڵ و ژن و پیاو و گەنج، بەڵام نەیتوانیوە ڕێکخراوی حەماس لەناوببات. ئەوە لەکاتێکدایە کە شەپۆلێکی بەهێزی نارەزایەتی لە ناوخۆ و دەرەوەی ئیسرائیل لەدژی درێژەی شەڕ و سیاسەتەکانی ئەم دەوڵەتە کەوتووەتە ڕێ دەوڵەتی نەتانیاهۆ، وێڕای پەنابردنە بەر هەر ڕێگایەک بۆ بەردەوامبوون و پەرەپێدانی مەودای شەڕەکە بۆ کەناری ڕۆژئاوای ڕووباری ئوردن و ناوچەی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی خۆبەڕێوەبەری فەلەستین و هەروەها شەڕ لەگەڵ حیزبوڵلا لە باشووری لوبنان، دەیەوێ هەرچۆنێک بێت لە درێژەی ئەم شەڕە سەرەڕۆیانەدا، دەوڵەتی ئەمریکا و بەرەو شەڕێکی هەرچەند سنوورداریش بێت لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، پەلکێش بکات. لە ئاوا هەلومەرجێکدا، پشتیوانی لە مافی چارەی خۆنووسینی خەڵکی فەلەستین و هاوسۆزی لەگەڵ ڕەنج و ئازارەکانی ئەو خەڵکە، ئەرکی سەرەکی و بێ پسانەوەی ئێمەیە. هەر وەک چۆن خەبات لە دژی فاشیزمی ئایینی لە هەر ڕەنگ و لیباسێک دا، یەکێکە لە ئەرکە بەردەوامەکانمان. هەموو ئەو لایەنانەی کە بە بیانووی شەڕ لە دژی کۆماری ئیسلامی، لایەنگریی لە ئیسرائیل دەکەن یان لە بەرامبەر کۆمەڵکوژی و جینایەتەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل لە دژی خەڵکی فەلەستین و داگیرکردنی خاکەکانیاندا بێدەنگ دەبن، بەکردەوە پشت لە مافەکانی مرۆڤ، ئەخلاق، مرۆڤایەتی و سەرجەم بەها ئازادیخواز و یەکسانیخواز و ڕزگاریخوازەکان دەکەن. هەموو ئەوانەش کە بە بیانووی خەبات لە دژی جینایەتەکانی ئیسرائیل و لایەنگرە ڕۆژئاواییەکانی، لە بەرامبەر جینایەت و سەرەڕۆییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیش دا بێدەنگ دەبن، ڕێک بە هەمانشێوە پشت لەو بەهایانە دەکەن. دیفاع لە هاوپشتی نێونەتەوەیی نێوان کرێکاران، زەحمەتکێشان و کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکە و جیهان بە گشتی، بەردەوام ئەرکی سەرشانی ئێمەیە. دوکەڵی ئاگری شەڕە ناوچەییەکان، زیاتر لە هەمووان، دەچێتە چاوی خەڵکی زەحمەتکێشەوە. هەربۆیە پێویستە بە هەموو هێزمانەوە، لە دژی پەرەسەندنی شەڕ و شەڕخوازی ڕابوەستین

****

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 453-September 2024
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# وەرزی نوێی شۆڕشی ژینا

**ڕاگەیاندنی هاوبەشی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاهی کارگەر)**



مانگرتنی سەرتاسەری و سەرکەوتووانەی خەڵکی کوردستان، هاوکات لەگەڵ نافەرمانی جەماوەریی ژنان، بزووتنەوەی داواکاریی تەوەر و ئازادیخوازانە لە سەرتاسەری ئێران ئەمڕۆ یەکشەممە ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٣، مانگرتنی سەرتاسەری و سەرکەوتووانەی خەڵکی کوردستان، سەرەڕای هەموو ڕێوشوێنە سەرکوتگەرییەکانی ڕێژیمی ئیسلامی بۆ پێشگرتن بە نارەزایەتییە جەماوەرییەکان، توانایی و پۆتانسێلێکی گەڵێک بەرچاو و بەربڵاو، گشتگیر و هەمەلایەنە و ڕیشەداری نارەزایەتی جەماوەریی نیشان دا. کۆماری ئیسلامی بە دەستبەسەرکردنی بەربڵاو لە کوردستان و سەرتاسەری ئێران، بە میلیتاریزەکردنی شارەکانی کوردستان و چڕکردنەوەی گوشارەکان بۆ سەر بنەماڵەی دادخوازان، زیادکردنی گوشارەکان لەسەر زیندانیانی سیاسی و بەتایبەتی ژنانی زیندانی سیاسیی خۆڕاگر و قارەمان و هەروەها بەکارهێنانی هەموو ئیمکاناتێکی دیپلۆماسیی خۆی لە عێراق و هەرێمی کوردستان، هەوڵیدا لە دووهەمین ساڵیادی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیدا، ڕێگریی لە بەڕێوەچوونی مانگرتنی گشتی لە کوردستان بکات. لەو ڕووەوە کە چاوەڕوان دەکرا کۆبوونەوەیەکی بەرین لە ئارامستانی ئایچی بە بۆنەی ساڵڕۆژی قەتڵی حکوومەتیی ژینا، لەسەر گڵکۆکەی بەڕێوە بچێت، کۆماری ئیسلامی هەموو ڕێگا سەرەکییەکانی بەرەو گۆڕستانی ئایچی بە ئۆتۆمبێلی سەربازی داخست. کار گەیشتە ئەو ئاستەی کە دەربیجەکانی بەنداوی "چراغ وەیس"ی کردەوە بۆ ئەوەی ڕێگا لاوەکییەکان بەرەو ئەم ئارامستانە بە تەواوی ببەسترێت. هەر لەو پێوەندییەدا بنەماڵەی ژینایان خستە ژێر چاوەدێری و نەیانهێشت لەماڵ بچنە دەرەوە. مانگرتنی گشتی و سیاسی خەڵکی کوردستان، وەڵامێکی شایستە بوو بۆ هەموو ئەو ڕێکارانە. ئەم مانگرتنە نیشانی دا کە چۆن هێزە سەرکوتگەرەکان لە ئاست ئیرادەی یەکگرتووانەی جەماوەردا لاواز و بێدەسەڵات دەبن. ئەم مانگرتنە هەڵگری پەیامێکی سیاسی ڕوون بوو، ئەویش ئەوە بوو کە "شۆڕشی ژینا هەروا بەردەوامە". ئێمە پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنە درەوشاوەیە، ئاراستەی سەرجەم خەڵکی کوردستان و هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە بە هەر شێوازێکی مومکین و کاریگەر، پشتیوانی ئەم مانگرتنەیان کرد

چاوخشاندنێک بەسەر شەپۆلە خرۆشاوەکانی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئێران، قووڵایی و بەربڵایی و بەردەوامیی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی سەرتاسەری خەڵکی ئێرانمان بۆ دەردەخات، ئاخێزێکی کە هیچ نیازی پاشەکشە و ڕاوەستانی نییە. ژنانی بوێر و لاوی وڵات، بە شۆڕشی فەرهەنگیی شکۆداری خۆیان و پرچی پەرێشانیان، ئاڵای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییان تووڕ هەڵداوە، سیمای شارەکانیان گۆڕیوە و بوونەتە هۆی سەرسامی و هەڵخراندنی هەست و سۆزی بیروڕای گشتی جیهان. بزووتنەوەی خەباتکارانە و داخوازی تەوەر و بەردەوامی کرێکاران، مامۆستایان، پەرستاران، خانەنشینان و چین و توێژە زەحمەتکێشەکانی دیکەی ئێران کە بە بەردەوامی لەسەر ویست و داخوازییەکانی خۆیان پێداگری دەکەن، ڕۆژ بە ڕۆژ بەربڵاوتر و گشتگیرتر دەبن و بە دڵنیاییەوە لەگەڵ کرانەوەی قوتابخانە و زانکۆکانیش، ئاستێکی بەرزتر تۆمار دەکەن. بزووتنەوەی دادخوازی بنەماڵەی گیانبەختکردووان، سەرەڕای گوشارە فاشیستییەکان، بە هەموو هێزیانەوە لە پاڵ ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕییەدا ڕاوەستاون و خۆڕاگرییەکی سەربەرزانەیان لەخۆیان نیشان داوە. کۆبوونەوەی بەربڵاوی ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات، لەسەر بانگهێشتی ڕێکخراو و دامەزراوە چەپ و دێموکراتیکەکان، بۆ پشتیوانی لە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر لە زۆرێک لە شارەکانی جیهان، دەنگی شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانیان بەگوێی جیهانیان گەیاند. لەسەر ئاوا بەستێنێک، مانگرتنی سەرتاسەری و شکۆدار و سەرکەوتووانەی خەڵکی کوردستان و پێشڕەوی هەنگاو بە هەنگاو و بەردەوامی ئەو شۆڕشە، مژدەبەخشی قووڵبوونەوەی ئاستی هاوپشتیی و هاوخەباتی هەرچی زیاتری هەموو نەتەوەکانی ئێرانە

دەسەڵاتی ئیسلامی بەمەبەستی بەرپەرچدانەوەی پێشڕەوییەکانی شۆڕشی سەرتاسەری خەڵکی ئێران، بێهودە هەوڵدەدات تا بە پێکهێنانی یەکگرتوویی و لێکنزیکبوونەوەی نێوان کەسانی سەر بە خۆیان لەژێر سایەی کابینەکەی پزیشکاندا، تۆوی هیوا لە دڵیاندا بچێنن و ڕێگریی بکەن لە پەیوەست بوونی بەشێک لە خەڵک بە ڕیزەکانی شۆڕشی جەماوەر و تەنانەت بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی لیبراڵیش بەرەو هاوکاری لەگەڵ خۆیان ڕابکێشن. بەرپرسانی ئەمنییەتی ڕژیم جگە لەم هەوڵانە، پرۆژەیەکی ترسنۆکانەیان لەدژی زیندانیانی سیاسی و بە تایبەتی قارەمانی زیندانیی سیاسیی ژن دەست پێکردووە و دەیانەوێت ئەم ڕۆڵە خەباتکار و خۆڕاگرانەی جەماوەر، هەرچی زیاتر بخەنە ژێر زەخت و گوشاری دەروونی، جەستەیی و مێدیاییەوە. ئامانجی ئەوان لەم هەوڵانە بریتییە لە بێسەرکردنی ئەو بزووتنەوەیەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەوپێش هەنگاو دەنێت

بەڵام دەنگی نارەزایەتی و سروود وتنەوەی ژنانی زیندانیی سیاسی و مانگرتنیان لە خواردنی ڕۆژی یەکشەممە ٢٥ی خەرمانان لە دووهەمین ساڵیادی شۆڕشی ژینادا، وەڵامێکی گونجاو بوو بەم هەوڵە بێهودە مێدیاییانە. لە هەمان کاتدا سەرکەوتنی مانگرتنی یەکپارچەی خەڵکی کوردستان، وەڵامێکی پڕاوپڕ بوو بە هەوڵەکانی ڕێژیمی ئیسلامی بۆ چڕکردنەوەی گوشارەکان بۆ سەر حیزب و ڕێکخراوە کوردییە ئێرانییەکانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان و بە ڕوونی ئەوەی نیشاندا کە چاوگەی سەرەکی هێزی ئەوان، ئەو پێگە و پشتیوانییە جەماوەرییە بەرینەیە، نەک شوێنی نیشتەجێبوون و ژمارەی چەک و تەقەمەنی. سەرکەوتنی ئەم مانگرتنە، جەختکردنەوەیەکی دووبارەیە لەسەر دروستی و بەرحەقبوونی ئەو ڕێگایەی کە ئەم حیزب و ڕێکخراوانە بۆ پەرەپێدان بە خەبات و تێکۆشانی سیاسیی خۆیان هەڵیانبژاردووە و هەر لە سەرەتای دەستپێکی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژیناوە، نەکەوتوونە داوی ڕێژیم بۆ چوونە ناو شەڕێکی چەکدارییەوە. ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا، بۆ گەیشتن بە ویست و داواکارییەکانی خۆی لەوانە ئازادییە سیاسییە بێ شەرت و مەرجەکان، دێموکراسییەکی بەربڵاو و هەمەلایەنە و سۆسیالیزم، هاوتەریب لەگەڵ بەرژەوەندیی زۆربەی هەرەزۆری جەماوەر، هیچ ڕێگەیەکی دیکەی جگە لە خۆڕێکخستن لە خوارەوە و دروستکردنی بلۆکێکی سۆسیالیستی لەم چوارچێوەیەدا، بوونی نییە. لەیە وشەدا، هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی هەموو جەماوەردا

**بڕووخێ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی**
**سەرکەوتوو بێت شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران**
**بژی ئازادی، دێموکراسی و سۆسیالیزم**
**ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاهی کارگەر) و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**یەکشەممە ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٣/ ١٥ی سێپتامبری ٢٠٢٤**

دواستون

## بەڵێنییەکانی پزیشکیان و مافیای دەرمان

سەرۆک کۆمار پزیشکیان، لە قسە و باسێکدا بە بۆنەی یەکی خەرمانان ڕۆژی پزیشک لە ساڵنامەی ئێراندا، وتی کە ڕاستگۆیانە پابەند دەبێت بە بەڵێنییەکانی کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن سەبارەت بە دابینکردنی تەندروستی و بێهداشت و دەرمانی پێویست بۆ کەسانی دەست تەنگ و دابینکردنی داهاتی گونجاو بۆ کادری پزیشکی. وەزیری تەندروستی کابینەکەشی، وەک وەبیر هێنایەوەیەک، وتی کە دابینکردنی دادپەروەری تەندروستی، لە یەکەم ئەرکەکانی دەبێت. ئەو، جێبەجێکردنی تەرحی پزیشکی بنەماڵەی، بە ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ زۆرێک لە کێشەکان و هەزینەی لەڕادەبەدەری دەرمان، بلیت و چارەسەر زانی. ئەو تەرحە ساڵانێکی زۆرە لەلایەن کاربەدەستانەوە باسی لێدەکرێت و تا ئێستاش هیچ هەنگاوێکی کردەیی بۆ هەڵنەگیراوە. لە کۆماری ئیسلامیدا، سیستمی پزیشکی بە شێوەیەکی سەرەکی لە دەستی کەرتی تایبەتدایە و بابەتی چارەسەر و دابینکردن و دابەشکردنی دەوا و دەرمانیش لە دەست مافیایەکدایە کە ئەندامەکانی، یان خودی خاوەن پلە و پۆستە کاریگەرەکانی حکوومەتن، یان لەلایەن ئەوانەوە پاڵپشتی دەکرێن و هەر ئەوانیشن کە ئەو بیمە تەندروستییە نیوە و ناتەواوەی ئێستایان لەکارخستووە. ئەگەرچی پزیشکیان و وەزیری تەندروستی کابینەکەی، هیچ ئاماژەیەکیان بە پرسی بیمەی دەرمانی و باشترکردنی، نەکرد. بەڵام لە هەر حاڵدا، کۆمەڵێک هۆکاری دیاریکراو هەن کە نیشان دەدەن، بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشە تەندروستییەکانی هاووڵاتیانی هەژار و کەم دەرامەت، وەک بلقی سەرئاو وایە و شکستهێنانی حەتمییە لە سیستەمێکدا کە ئابوورییە مایەپووچەکەی، پێویستی بە دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵی گشتییە لە ژێر ناوی بەتایبەتیکردن و سەپاندنی خۆپارێزی و زگ هەڵگوشینی ئابووری، لەسەر بنەمای ئابووریی نیۆلیبراڵی بەسەر خەڵکدا، چۆن دەتوانی باس لە دابینکردن و دادپەروەری تەندروستی بکەیت؟ ئەو بەرپرسانەی کە بەکردەوە خۆیان بە لایەنگری کەرتی تایبەت دەزانن، چۆن دەتوانن قسە لە ڕاستگۆیی و پابەندبوون بە چارەسەرکردنی کێشە تەندروستییەکانی کەسانی کەم دەرامەت بکەن؟ لە پێناو دابینکردنی دادپەروەری تەندروستیدا، پێویستە ئەولەویەت بدرێت بە بنەبڕکردنی هەژاری لە بواری بێهداشت و تەندروستیدا. چونکە تەندروستی، بە پلەی یەکەم بە خۆپاراستن لە نەخۆشی، مسۆگەر دەبێت. خۆپاراستنیش پێویستی بە دابینکردنی خۆراکی پێویست و تەندروست، بڵاوکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە خۆراکی خاوەن کوالیێتی و فێرکردنی چۆنیەتی ژیانێکی تەندروست و هەروەها کات بەسەربردن و وەرزشی ڕۆژانە و زۆر شتی تر هەیە، بۆ دانیشتوانی وڵات. بە لام لە سیستەمی سەرتاپا گەندەڵی ڕژیمی ئیسلامیدا کە ٧٠٪ی هاووڵاتیان کەوتوونەتە ژێر هێڵی هەژاریی موتڵەق و ڕێژەیی، قسە کردن لە دادپەروەریی تەندروستی و دابینکردنی داهاتی پێویست بۆ کادری پزیشکی، جگە لە دروشمێکی پووچ، هیچی تر نییە

بێهداشت و دەرمانی گشتی، بێبەرامبەر و گونجاو و هەروەها بیمەی پزیشکی و دەرمانی گشتگیر بۆ سەرجەم دانیشتوانی وڵات و نەهێشتنی پزیشکی تایبەت»، مافی بێ ئەملاو ئەولای هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە و دەبێ خەبات بکرێت بۆ ئەوەی ڕێژیم و کاربەدەستەکانی ناچار بکرێن کە هەر ئاستێک لە خزمەتگوزاری بێهداشتی و دەرمانی بۆ دانیشتووانی وڵات و هەروەها داهاتی پێویست بۆ کارمەندانی ئەو کەرتە دابین بکەن، بەڵام دەستەبەرکردن و بەدیهێنانی ئەو داواکارییە، لە گرەوی خەباتێکی لێبڕاوانە و سەراسەریدایە لەپێناو ڕزگارکردنی وڵات لە چنگی ئەم حکوومەتە سەرمایەداری و ئایینییەی ئێستا و دامەزراندنی حکوومەتێک، کە گیان و ژیانی مرۆڤەکان بەلایەوە بایەخی هەبێت

****